ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

# Linguistic and Cultural Consequences of a Second Language on Children in English Language Schools

*Corresponding author:

**Dr. Taban Mohammed Saeed Hassan**

**Department of Korean Language, College of Languages, University of Sulaimani**

Email: taban.saied@univsul.edu.iq

**Tarza Raoof Salih**

Department of Korean Language, College of Languages, University of Sulaimani

**Keywords**: linguistic implications, second language, language of study

ARTICLE INFO

***Article history:***

| | |
|---|---|
| *Received* | *19 Dec 2024* |
| Accepted | 26 Dec 2024 |
| Available online | 1 Jan 2024 |

ABSTRACT

In the current era of education ،a group of ideal schools in which English is studied as one of the most prominent and preferred schools are flagged by government schools ،where the main language of study is English, this has an impact on the kind of language and mindset’s students.

In this study ،we tried to analyze theories of first and second language learning and bring back evidence in a field study. The description of the analysis is presented in two parts. The first part is dedicated to teaching and learning the first language to a child ،because the first language is the foundation for learning another language. In the second part of the discussion ،we tried to explain how to learn the second language and open its theories. At the end of this part in a field work ،we have tried to prove in two international schools in a survey form that the second language works in the language and social aspects at a young age. Because It's obvious that language and thought are in direct communication and if it in a second language reading and speaking at a young age.

Despite the fact that the process of language settle on the first language ،it also affects the child's language ،mind and culture. For example ،in a survey question ،when you ask the child ،you can tell us the names of how much feast. Directly they say "Halloween and Christmas," which is clearly influenced by the language and culture of the second language. The discussion ended with a number of results and suggestions

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4088

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

## تبعات اللغوية والثقافية للغة ثانية على الأطفال في مدارس اللغة الإنجليزية

د.تابان محمد سعيد حسن/ قسم اللغة الكرية، كلية اللغات، جامعة السليمانية
تەرزە ڕەئووف ساڵح/ قسم اللغة الكرية، كلية اللغات، جامعة السليمانية

**الخلاصة:**

في ظل التعليم المعاصر توجد مجموعة من المدارس النموذجية نظام التعليم فيها باللغة الإنجليزية لها حضور ملفت وقبول تتحدّى المدارس الحكومية التي لغة التعليم فيها اللغة الأم، وهذا ما أدّى إلى إحداث أثر على طريقة لغة الطلاب وعقليتهم. في هذا البحث حاولنا أن نثبت تأثير اللغتين الأولى والثانية في عملية التعلّم ،ذلك حسب تحليل نظريات تعلم اللغة الأولى والثانية في عمل ميداني بعرض إحصائيات ذات صلة بموضوع البحث. وعليه قسمنا البحث على قسمين: خصّصنا القسم الأول بالنطق الأول للطفل وتعلّمه اللغة، كون اللغة الأولى هي الأساس لتعلّم لغة أخرى، وفي القسم الثاني من البحث حاولنا تحليل كيفية تعلّم اللغة الثانية ونظرياتها.وفي المحور الأخير من البحث في عمل ميداني و عن طريق إعداد استمارة استبيان لعينة مكونة من ثلاث مدارس دولية حاولنا إثبات أن اللغة الثانية في سن مبكرة تؤثرعلى الجانب اللغوي والاجتماعي للطفل لأن ممّا لا شك فيه أن اللغة والفكر هما في علاقة متوازية وإن كانت عملية نطقه الأول باللغة الأولى فإن اللغة الثانية سوف تؤثر على لغته وفكره وثقافته، على سبيل المثال في أحد أسئلة الاستبيان عندما نسأل الطلب عن أسماء بعض الأعياد مباشرة يقول (هلوين وكريسماس)، وهذا يُظهر بوضوح مدى تأثير اللغة سالثانية وثقافة أهل تلك اللغة على لغة الطفل وثقافته. و انتهى البحث إلى عدد من النتائج والتوصيات.

**الكلمات المفتاحية:** التبعات اللغوية، اللغة الثانية، لغة الدراسة

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

## لێکەوتە زمانی و کەلتورییەکانی زمانی دووەم لەسەر مناڵ لەو خوێندنگایانەی زمانی خوێندن تیایاندا ئینگلیزییە

د.تابان محمد سعيد حسن
بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
ی.توێژەر:تەرزە ڕەئووف ساڵح
بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

پوختە:

زمان کایەیەکی گرنگ و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن و گەیاندنی بیر لە نێوان مرۆڤەکاندا. بۆبەردەوامی و خۆگونجاندن لەناو کۆمەڵدا ڕۆڵێکی دیاری هەیە، هەر ئەم گرنگییەش وایکردووە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە بوارە جیاجیاکانەوە لێبکرێت و پەی بە نهێنییەکانی و لایەنە شاراوەکانی ببرێت، چونکە هەتا ژیان هەبێت زمانیش هەیە و بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە، بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و گرنگییەی زمان و پەیوەستی بە سەرجەم لایەنەکانی ژیانەوە، وایکردووە کە زمانەوانان لە چۆنییەتی فێربوونی لای مرۆڤ بکۆڵنەوە، ئەو زانستەی لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە (زانستی زمانی دەروونیی)یە کە لقێکە لە زانستی زمانی کارەکی، باس لە پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەزی مرۆڤ دەکات. بەڵام لە سەردەمی ئێستای خوێندندا، کۆمەڵێک خوێندنگەی نموونەیی کە خوێندن تیایاندا بە زمانی ئینگلیزییە وەک یەکێک لە خوێندنگە بەرچاو و پەسەندەکان ئالانگاریی لەگەڵ خوێندنگ حکومییەکان دەکەن، کە زمانی سەرەکیی خوێندن تیایاندا ئینگلیزییە، ئەمەش بۆتە هۆی کاریگەریی لە شێوازی زمان و هزری خوێندکاراندا، لەم لێکۆڵەنەوەماندا هەوڵمانداوە کە بە شیکردنەوەی تیۆرەکانی فێربونی زمانی یەکەم و دووەم و بەڵگەهێنانەولە کارێکی مەیدانیدا داتاکانی باسەکە بخەینەڕوو. بە ڕێبازی وەسفی شیکاری لە توێی دوو بەشدا باسەکە خراوەتەڕوو. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ زمانپژاندن و فێربوونی زمانی یەکەم لای مناڵ، چونکە زمانی یەکەم بناغەیە بۆ فێربونی زمانی تر، هەروەها زۆرجار لە فێربونی زمانی دوەمدا دوبارە تیۆرەکانی فێربونی زمانی دووەم کارا دەبێتەوە بەتایبەتی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە. لە بەشی دوەمی باسەکەدا هەوڵمانداوە چۆنیەتی فێربونی زمانی دووەم و تیۆرییەکانی شیبکەینەوە، لە تەوەری کۆتایی ئەم بەشەدا لە کارێکی مەیدانیدا هەوڵمانداوە لە خوێندنگەیەکی ئینتەرناشناڵ لە فۆڕمێکی ڕاپرسیدا بەڵگەی باسەکە بسەلمێنین، کە زمانی دووەم لەتەمەنی منداڵیدا کاردەکاتە سەر لایەنی زمانی و کەلتوری قسەکەر، چونکە ئاشکرایە زمان و بیر لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەدان و خوێندن و قسەکردن لە تەمەنێکی منداڵیدا گەر بە زمانی دووەم بێت، سەرباری ئەوەی پڕۆسەی زمانپژاندنەکەی بە زمانی یەکەم بێت، بەڵام هەر کاریگەریی لەسەر زمان و هزر وکەلتوری منداڵ دروستدەکات. باسەکە لە دووبەش و پێشەکی و چەند ئەنجام و پێشنیارێک پێکهاتووە.

**کلیلی وشەکان**: لێکەوتە زمانی، زمانی دووەم، زمانی خوێندن

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**١/١) زمانی یەکەم**

ئەو زمانەیە کە منداڵ لەتەمەنی دووساڵیدا زمانی پێدەپژێت و لەخێزانەکەیەوە کەرەستە زمانییەکان وەردەگرێت بەبێ هیچ پەروەردەکردنێکی فەرمی، یەکەم زمانە کە منداڵ وەریدەگرێت بەشێوەیەکی بێئاگایانە ''زمانی دایک/ زمانی یەکەم/ زمانپژان، بە زمانی نەتەوە و زمانی ڕەسەنیش دانراوە، کردەیەکی نائاگایانەیە جۆرێکی کردەی زمانوەرگرتنە و بریتیە لە یەکەم زمان کە منداڵ وەریدەگرێت فێری دەبێت''(حسین:٢٠١٦: ٢). ئەم زمانە دەستەواژەی زمانی دایکیش بۆ بەکاردەهێنرێت، چونکە منداڵ زمان لە باوانەوە بەگشتی و لەدایکەوە بەتایبەتی وەردەگرێت ''منداڵ داوای پێداویستیە سەرەتاییەکانی دەکات بەهۆی گریانەوە پێی دەوترێت زمانپژاندن (قۆناغی پێش زمانی) و دواتریش لە ژینگەی دەوروبەرییەوە بەتایبەت لەباوانەوە (زیاتر لە دایک) کەرەستە زمانییەکان وەردەگرێت و زمانی بە زمانی یەکەم دەپژێت''( فەرەج:٢٠١٣: ٢). لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی ڕوحی مەزن لەنێوان منداڵ و دایکدا هەیە ئاساییە منداڵ یەکەم وشە لە دایکییەوە فێرببێت ''هەموو میرات و بەشەماڵ و هەقێک لە لایەن باوکەوەیە، کەچی سەرەکیترین سلێکێک کە زمانە، لە لایەن دایکەوە بە مرۆڤ دەگات. یەکەم شت کە منداڵ لە دوای پشکووتنی زمانی فێری دەبێت (زمانی دایکە'')(دیلانی: ٢٠٠٩: ١).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

فێربوونی زمانی یەکەم پرۆسەیەکی ورد و بەیەکداچووە و لەدەسەڵاتی مرۆڤ خۆیدا نییە، چونکە لەمانگەکانی سەرەتای لەدایکبوونیەوە، تاوەکو تەمەنی دوو ساڵی، منداڵ هەموو ئەو دەنگ و وشە و ڕستانەی لەخێزان و دەوروبەریەوە گوێی لێبووە، لە ئاوەزیدا هەڵیدەگرێت، لەتەمەنی دوو ساڵیدا-دەکرێت پێش تەمەنی دوو ساڵی یان لە تەمەنی دوو ساڵ و نیوی بێت- زمانی بەتەواوی دەپژێت و توانای دەربڕینی وشە و ڕستەکانی زمانی یەکەمی دەبێت''تیۆری زمانی (بەرهەمهێنان) پێیوایە، کە مرۆڤ دەستی لەم فێربوونەدا نییە و لایەنی بایلۆژی ڕۆڵی سەرەکی لەم فێربوونەدا دەبینێت''(عەلی، قادر، مەحمود:٢٠١١: ٧) واتە مرۆڤ تا ئەو تەمەنە بەبێ ویستی خۆی وشە و دەربڕاوەکان وەردەگرێت و بەکاریدەهێنیت، ئەو فێربوون و بەکارهێنانە لە دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیدا نییە و لایەنی بایلۆژی هۆکاری ئەم فێربوونەیە(المهدي ، 2019، 248) . ئەم زمانە پەیوەست نییە بە حەز و خولیای مرۆڤ بۆ وەرگرتن یان وەرنەگرتنی، واتە زمانی یەکەم وەک فێربوونی زمانی دووەم نییە، کە مرۆڤ ئارەزووی فێربوونی بکات و هەوڵبدات فێری ببێت، بەڵکو بەبێویستی مرۆڤ خۆی لە منداڵییەوە وەریدەگرێت و دواتر هەموو کردەکانی (ئاخاوتن، پەیوەندیکردن، گەیاندنی بیر و گۆڕینەوەی زانیاری)ەکانی پێجێبەجێدەکات لەگەڵ کەسی بەرانبەر/گوێگر، جگە لەمانە هەموو کلتووری نەتەوە و کۆزانیاریی دونیابینینی لە زمانەکەیانەوە وەردەگرێت.

لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بۆ ئەو کەسانەی، کە تەنها یەک زمان دەزانن و هەر بەو زمانەش دەئاخێن و پەیوەندی دەکەن. زاراوەیەکیان بۆ دانراوە و پێیاندەوترێت (قسەکەری تاک زمانMonolingual) واتە ئەو کەسانەی تەنها یەک زمان دەزانن، مەبەست لیی ئەو کەسانەیە کە تەنها یەک زمان دەزانن و هەر بەو تاک زمانەشە دەدوێن. زمانی یەکەم بەو پێیەی ئەو زمانەیە کە مرۆڤ زمانی پێدەپژێت دەبێت پاراو و گەشەسەندو بێت لای بەکارهێنەرانی و ئاگاداری گەشەسەندنی لایەنەکانی (مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک و پراگماتیک)بن، چونکە بەردەوام بەهۆی داهێنانی نوێ و تەکنەلۆژیای تازە وشەی نوێ دروستدەکرێت بۆ چەمکە نوێیەکان و دەربڕاوە زمانییەکانیش لە زیادبوون و فراوانبووندان بەهۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانەوە. هەروەها داتاکان بەبەردەوامی بەرەو هەڵکشان و داکشان دەچن و چەمک و داتای نوێ زیاددەکەن. لەبەرانبەر ئەمانەشدا واتای پراگماتیکی زیاددەبێت و توانای تاکەکانی لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە واتایەدا فراوانتردەبێت، سەرەڕای هەموو ئەوانە هەست بەو نەشونمایە دەکەن، کە لە ناسنامەی خۆیان دەردەکەوێت بەهۆی زمانەیەکانەوە و دەبێتە پێناسێک بۆ کەسەکان. خۆ ئەگەر وا نەبوو ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی یەکەم وەک پێویست بایەخی پێنەدراوە و دانەمەزراوە. ''زمانی یەکەم دەبێت باشترین بێت و هیچ کەسێک گلەیی لەوە نەبێت کە زمانی دایکی باش نازانێت ئەگەر حاڵەتی لەم جۆرەش هەبوو ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی یەکەم وەک پێویست دانەمەزراوە و گرنگی پێنەدراوە، سەرباری ئەمەش قسەپێکەرانی زمانی یەکەم هەست بە گەشەی ناسنامەی خۆیان دەکەن لە ڕێگەی زمانەکەیانەوە''( فەرەج: ٢٠١١: ٤-٥). چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە؛ هەرچەندە ئەو کەسە چەند زمانێکی دیکەش بزانێت و توانای بەکارهێنانی دەربڕاوەکانی ئەو زمانەی هەبێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی دایک چێژێکی زیاتری پێدەبەخشێت. ''بەدەگمەن مرۆڤێک پەیدا دەبێت کە بەقسەکردن بە زمانی دایکی خۆی، چێژ وەرنەگرێت، سەرەڕای ئەوە کە زمانەکانی تریش فێربێت و بەسەریاندا زاڵ بێت، بەڵام زمانی هەست و نەستی هەر زمانی زگماکییە کە بۆ یەکەمجار لەڕێگای ئەوەوە زمانی پشکوا''(سەقزی:٢٠١١: ٣٣٩)

**٢/١)چەمکی زمانپژاندن**[1]

زمانپژاندن بە واتای وەرگرتنی زمان دێت لەلایەن منداڵەوە، کە ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوون ئەم پرۆسەیە بە چەند قۆناغێک دەستپێدەکات. تاوەکو منداڵ بەتەواوی زمان وەردەگرێت و توانای بەکارهێنانی دەبێت، بەشێکە لە زمانوەرگرتن ''تیۆرییەکانی زمانپژاندن بەشێکە لە تیۆرییەکانی زمانوەرگرتن،

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لەبەرئەوەی زاراوەی زمـــانوەرگرتن هـــایپۆنیمێکە، زمانپژانـــدنی منـــداڵ و فێربـــوونی زمـــانی دووەم، دەگرێتەوە''(خەلیل:٢٠١٣: ٢٣).

منداڵ کاتێک لەدایکدەبێت زمـان نازانێت و تەنیـا گریـانی هەیە کە بەهۆیەوە داوای پێداویستییەکانی دەکـات، بەڵام وردە وردە فێـری زمـانی دایـک دەبێـت، چۆمسـکی: ''منـداڵ کاتێـک دێـتە ژیـانەوە هەر لە سـەرەتاوە گەنجینـەیەک لە بیـرۆکەی نـاوەکی دەربـارەی سروشـتی سینتاکس هەیە''(Bates:1996:177). هەر لەسـەر ئەم پێشنیازەی چۆمسـکییە، کە زمانەوانـان دەڵـێن بـۆ زانینـی ڕێسـا و یاسـا زمانییەکـان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئاوەزی مرۆڤ.

چۆمسـکی لە پرۆسـەی زمانپژاندنـدا ئامـاژە بەوە دەدات کە میکانیزمێـک لە مێشـکی مرۆڤدا هەیە، توانـا بە تاکەکـانی دەدات ڕێســا و یاســا ڕێزمانییەکــان ســەرلەنوێ دروســتبکەن. ئەمەش لە قۆنــاغێکی دیـاریکراوی تەمەنـدایە، ئەم میکـانیزمە وا دەکـات مـرۆڤ زیـاتر لە زمانێـک فێرببێـت و بەکاربهێنێـت. چۆمسـکی بۆچـوونێکی سـەبارەت بە زمانپژانـدن و زمـانوەرگرتن هەیە ئەویـش زیـاتر خـۆی لە زاراوەی ئـامرازی (زمانپژاندن/Language acquisition) دا دەبینێتەوە کە میکـانیزمێکە توانا بە تاکەکـانی دەدات ڕاست و دروست سەرلەنوێ ڕێسا و یاسا زمانییەکان دروستبکەنەوە"مرۆڤ بە شێوەیەکی گەنەتیکی پێشـان پرۆگرامکراوە یـان سـەرەتا بەرنـامەی بۆ دانراوە"(مەحوی:٢٨:٢٠٠١). هەروەها هەڵهێنجـانی ژمـارەیەک ڕێسـا و یاسـا لەو داتازمانیـانەی کە لە خێـزان/ دەوروبەرەکەیەوە دەبیسـتێت و ڕسـتە و دەربـڕاوی نـوێ بەرهەمـــدەهێنێت لەســـەر هەمـــان ئەو ڕێســـا و یاســـایانەی کە دروســـتەکانی زمـــانی دایکـــی پێدروستدەکرێت/دادەڕێژرێت''منداڵانی ساوا هەندێ تایبەتمەندی خۆڕسکیان هەیە، کە بـۆ فێربـوونی زمـان یارمەتیان دەدەن. ئەو تایبەتمەندییانە پێکهاتەی دەنگەژێکانی گەروشیان دەگرێتەوە''.(کەمرێ:٢٠٠٧: ٢٠).

١-٢/١)تیۆرییەکانی زمانپژاندن

زمانپژاندن وەک کردەیەکـی ئـاڵۆز، جێگەی سـەرنجی تـوێژەران بـووە، هەربـۆیە چەندین تیۆری و قوتابخـانە بـاس لەم کـردەیە دەکەن. هەریەکەیـان بەپێـی ڕێبـازی خۆیـان کاریـان لەسـەر کـردووە و تێڕوانینـی لەسەر دەربڕیوە، لە گرنگترین تیۆرییەکانیش:

١-تیۆری ڕەفتارییەکان Behaviorism Theory

٢- تیۆری درککردن و زانیاری Cognitive Theory

٣- تیۆری کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و کلتوری Social Interaction Theory

٤- تیۆری عەقڵگەرایی/ بایلۆژی زمانەوانی Rationalism Theory/ Biological Theory

**١-١-٢/١)تیۆری ڕەفتارییەکان Behaviorism Theory**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە وەک چۆن لەناوەکەیاندا دیارە زمانوەرگرتن وەک ڕەفتارێکی دەرەکی سەیردەکەن و لێیدەکۆڵنەوە هاوشێوەی هەموو ڕەفتارە داینامیکییەکانی دیکەی مرۆڤ زمانوەرگرتن لای منداڵ وەکو ڕەوشتێکی دەرەکی تەماشادەکەن و لێیدەکۆڵنەوە و بەئاکامی کارتێکردنی نێوان وروژێنەر و وەڵامدانەوەکانی مرۆڤی دادەنێت. چونکە لای ئەمان زمان ڕەوشتێکی بینراوە، واتە لای ڕەفتارگەراییەکان زمان وەک هەر یەکێک لە ڕەوشتەکانی (نانخواردن، وەرزشکردن...) دادەنێن. گوێ بە پرۆسە ئاوەزییەکانی ناو مێشکی مرۆڤ نادەن.

بەپێی ئەم قوتابخانەیە سێ جۆر فێربوون جیاکراوەتەوە

ا- فێربوونی کۆمەڵایەتی/ کە تیۆری لاسایکردنەوە دەگرێتەوە وەک دابونەریت لە زمان دەکۆڵێتەوە.

ب- فێربوونی مەرجی کلاسیکی/ کە فێربوونی زمان لەڕێگەی کاروکاردانەوەوە دەبینێتەوە، لە کارەکانی بلومفیڵد و واتسن دا.

پ- فێربوونی مەرجی نواندنی/ ئەزموونبەندکاری کە فێربوونی زمان دەبەستێتەوە بە هەوڵدان و هەڵەکردنەوە.

بلومفیڵد بیروڕاکەی (واتسۆن)ی بۆ لێکدانەوەی زمان گواستنەوە و پێیوایە کە ‘‘داتا بەشێکی لاوەکی لەزماندا لەقەڵەم دەدا، چونکە شتێکی هزری و ئەندێشەییە و نابێتە بابەتێک بۆ شیکردنەوە’’(عەبدولوەهاب:٢٠١٥: ٤٢). بەم پێیە بێت زمانوەرگرتن کردەیەکی دەرەکی و ژینگەییە، نەک خودی و ناوەکی، ئەمان زمانوەرگرتن وەک هەر کردەیەکی/ڕەوشتێکی دەرەکی مرۆڤ سەیردەکەن و شیدەکەنەوە و چەند تیۆرییەکیان هەیە وەک:

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

### -تیۆری لاسایکردنەوە(دووبارەکردنەوە) Imitation Theory

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، زمانوەرگرتن لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و دووبارەکردنەوەوە دەبینن، وەک چۆن منداڵ فێری یاریکردن و خواردن دەبێت لەڕێگەی لاسایکردنەوەوە بەوجۆرەش فێری زمان دەبێت. کە پشت بە ئارەزوویەکی خۆڕسکی دەبەستێت. واتە ویست و ئارەزوو پاڵنەری لاسایکردنەوە و زمانوەرگرتنە.

لەم تیۆرەدا دوولایەن هەن کە بۆچوونیان لەسەر پرۆسەی زمانوەرگرتن جیاوازە، یەکەمیان ‘‘لاسایکردنەوەی زمان کردەیەکی ئامێری/نەویستییە. دابڕاوە لەمەبەست و توانا و کردەی بیرکردنەوە. بۆ بەئەنجام گەیاندنیشی پشت بەهەندێک ئۆرگانی رووت دەبەستێت’’(خەلیل:٢٠١٣: ٣١) واتە لای ئەمان زمان کردەیەکە مرۆڤ بەنەویستی لاسایدەکاتەوە و دابڕاوە لە توانای کەسی و بیرکردنەوەی کەسەکان بۆ چۆنیەتی ئاخاوتن و بەرهەمهێنانی. بۆچوونەکەی دیکەی ناو ئەم تیۆرییە هێندە بە دابڕاوی سەیری زمانوەرگرتن ناکات، بەڵکو ئاماژە بە پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتن دەکات.

پێیانوایە‘‘پەیوەندییەک هەیە لەنێوان ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتندا. لۆ دانتیک Le, Dantiec ئەوە ڕادەگەیەنێت ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتن یەک کۆئەندامن کە ئۆرگانێک دەریدەبڕێت و ئۆرگانەکەی دیکەشیان وەریدەگرێت‘‘(خەلیل:٢٠١٣: ٣١) واتە لای ئەم بۆچوونەیان هێندە دابڕاو نییە و هەردوو ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتن یەک کۆئەندامن و کاتێک ئۆرگانێکیان ئاخاوتن دەکات و وشەکان دەردەبڕێت ئۆرگانەکەی دیکە/ئۆرگانەکانی بیستن وەریدەگرێت و لێکیدەداتەوە. لەم تیۆرییەدا قۆناغەکانی زمانپژاندن پەیوەستدەکات بە قۆناغەکانی لاسایکردنەوەوە، کە لەوانە (لویس Lews) لاسایکردنەوەی کردووە بە سێ قۆناغەوە(البضاوی:١٩٩٣: ٨٧):

١-ئەو قۆناغەیە کە منداڵ وەڵامدانەوەی بۆ دەربڕینەکانی دەوروبەری دەبێت ئەویش بە دەربڕینی کۆمەڵە دەنگێکی هەڕەمەکی، ئەم قۆناغە لە تەمەنی سێ یان چوار مانگی تەمەنی منداڵدا دەبێت.

٢-قۆناغی وەستان/ بوونی کەموکوڕی لە وەڵامدانەوە دەنگییەکان کە لە تەمەنی پێنج بۆ حەوت مانگیدا ڕوودەدات.

٣-قۆناغی لاسایکردنەوەی بەمەبەست، کە لە دەوروبەری نۆ مانگی منداڵدا دەستپێدەکات.

- تیۆری فێربوونی مەرجی کلاسیکی/کلاسیکی مەرجی(باڤلۆڤ)

ئەم تیۆرە لە لایەن (باڤلۆڤ)ەوە خرایەڕوو کە پێی وابوو لەڕێگەی پەیوەستکردنی وروژێنەری سروشتی و مەرجی دەتوانرێت زۆر ڕەوشت فێری مرۆڤ بکرێت. کە زمان یەکێکە لەڕەوشتەکان. ئەو گەیشتە ئەم ئەنجامە بەهۆی ئەو تاقیکردنەوەیەی کە لەسەر سەگێکی برسی ئەنجامیدا. کە پێش ئەوەی خواردنی بۆ ببات زەنگێکی بۆ لێدەدا وەک ئاماژەیەک بۆ کاتی خواردن و خواردنەکەی پێدەدا، دوای دووبارەکردنەوەی ئەمکارە بۆ چەند جارێک، دواتر تەنها زەنگەکەی لێدەدا لەم کاتەدا سەگەکە لیکی دەڕژاند وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ تامکردن و خواردنی خۆراکەکە و هەمان وەڵامدانەوەی دەبوو کە لەکاتی خواردنەکەیدا هەیبووە، لێرەوە بۆی دەرکەوت لەڕێگەی وروژێنەری سروشتییەوە دەکرێت زۆر شت فێری مرۆڤ بکرێت. ‘‘کاتێک منداڵ دێتە دنیاوە، هیچ شتێک دەربارەی ئەو زمانە نازانێت. کە لە دەورووبەرەکەیدا لەکاردایە، بەڵام پاش ماوەیەک لەئەنجامی پێویستی پەیوەندیکردن(برسیەتی سەگەکە). دەتوانرێت هێما و ئەو شتەی کە دەینوسێنێت پێکەوە پەیوەستیان بکات لە ئەنجامی پێکەوەهاتن و بەکارهێنانیان لەلایەن دەورووبەرییەوە‘‘(عەبدولوەهاب:٢٠١٥: ٤٣). واتە لای باڤلۆڤ فێربوونی زمان بەهۆی وروژێنەر و وەڵامدانەوەوە دەبێت و مرۆڤ لەئەنجامی پێویستی پەیوەندیکردن فێری دەبێت و هێما و کەرەستەکان پێکەوە پەیوەست دەکات. بەڵام (سکینەر) ڕەخنەی لە(باڤلۆڤ) گرت لەوەی کە ڕەوشتە

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئاڵۆزەکانی مرۆڤی بە سادەیی لێکداوەتەوە، واتە پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و ناکرێت بەسادەیی لێکبدرێتەوە و فێربوونی یەکەمین زمانیش لەو پرۆسەیەدا ئاڵۆزترینیانە.

**-تیۆری فێربوونی مەرجی بەجێهێنان/ئەزموونبەندکاری**

ئەم تیۆرییە فێربوونی زمان لەڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردن و هاندان و پاداشتکردنەوە دەبینێت، دیارترین لێکۆڵەرانی ئەم تیۆرییە (سکینەر)ە، کەسایەتی منداڵی لەکاتی لەدایکبووندایە بەلاپەڕەیەکی سپی (tabula rase) یان قاڵبێکی بەتاڵ (Black slate) داناوە پێیوابوو لەکاتی تێکەڵبوون بەژینگە و دەووروبەرەکەی ئەو لاپەڕە سپییە یان ئەو قاڵبە بۆشە هێواش هێواش بە تێپەڕبوونی کات و تەمەن پڕدەبن لە زانیاری و ڕەوشتی وەرگیراو. بەبۆچوونی (سکینەر) منداڵ بەهۆی دووبارەکردنەوەی دەربڕینەکانی دایک و باوک و کەسانی دەوروبەری زمانیدەپژێت. منداڵ کاتێک لاسایی گەورەکانی دەکاتەوە لەلایەن ئەوانەوە هاندەدرێت و واتە وەرگرتنی زمان بەژینگەوە دەبەستێتەوە، بەم جۆرە بێت ''زمان چالاکییەکە لەڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە گەشەدەکات، واتە بەوەرگرتنی پاڵپشتی و پاداشتکردن گەشە دەکات، ئەگەر پاڵپشتی لێنەکرێت ئەوا پرۆسەی فێربوونی زمان بەرەو پوکانەوە دەچێت''(یوسف:١٩٩٠: ١١٧).

٢/١-١-٢) تیۆری درکپێکردن و زانیاری (Cognitive Theory)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

ئەم تیۆرییە لەلایەن دەروونناسی سویسری (Jean Piaget 1898-1980) ، تیۆرییەکەی بە بۆچوونەکانی (کانت)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی کاریگەربووە، بە جیاوازتر لە ڕەفتارگەرایییەکان لە کردەی زمانوەرگرتنی ڕوانیوە''زمانوەرگرتن بریتییە لە گەشەکردنی توانستی زمانیی، واتە زمان لەئەنجامی کارلێک و کاریگەریی نێوان توانست، ئامادەیی منداڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت''(خەلیل:٢٠١٣: ٣٩).

واتە لای ئەمان کەمتر گرنگی بە لاساییکردنەوە دراوە و زیاتر گرنگی بە توانستی ناو مێشکی مرۆڤ دەدرێت و کارێکی داهێنەرانەیە هەرچەندە بەتەواوی ناتوانرێت ڕۆڵی لاساییکردنەوە فەرامۆشبکرێت، چونکە بەپێی ئەم تیۆرییە فێربوونی داتای هێمازمانییەکان بە لاساییکردنەوە دەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت. کە زمانوەرگرتن لەڕێگەی لاساییکردنەوە و پاداشتەوە دەبێت. بیاجە نکۆڵی لە کاریگەری هەستەوەرەکانی مرۆڤ لە بنیاتنانی کۆزانیاری منداڵدا ناکات و فەرامۆشی نەکردووە، بەڵام (ڕۆڵی سەرەکی و گرنگتر بۆ سیستەمی هۆش و پەیپێبردنی مرۆڤەکان دەباتەوە واتە کاتێک وروژێنەر و کارتێکەرەکانی جیهانی دەرەوە لەڕێگەی هەستەکانەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ. یان منداڵ دەگوازرێنەوە ئەوا هۆش و بیری منداڵ (کە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردندایە) بەرپرسە لە ڕێکخستن و ئامادەکردن و گونجاندنیان

به شێوەیەکی تایبەت و جارێکی تر دەرکردنەوەیان بۆ دەرەوەی خودی مرۆڤ)[2]واتە بیاجە ڕۆڵێکی گرنگتر بەهۆش و بیری مرۆڤەکان دەدات. کە هەموو زانیارییەک کاتێک دەچێتە هەستەوەرەکانەوە دووبارە هۆشی مرۆڤ ڕێکدەخاتەوە و دەیگونجێنێت و دەیکاتە دەرەوەی خودی مرۆڤ خۆی.

ئەم تیۆرییە پێیوایە مێشکی مرۆڤ ئامادەییەکی زمانی تێدایە بۆ فێربوونی زمان بە مەرجێک ژینگەی کۆمەڵایەتی لەباری هەبێت''بەپێی ئەم تیۆرییە زمانوەرگرتن لەڕێگای درکپێکردن/تێگەیشتنی مەعریفی ڕوودەدات، کە ئامرازەکەی تێبینیکردنە، واتە منداڵ لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی کە لە ژینگەکەی وەریدەگرێت زمانی دەپژێت''(خەلیل:٢٠١٣: ٣٩-٤٠).

### ٢/١-١-٣) تیۆری کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و کلتوری Social Interaction Theory

ئەم تیۆرە دیاردەی زمانوەرگرتن لە چوارچێوەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییدا لێکدەداتەوە و کلتور و کۆمەڵگە بەهۆکاری سەرەکی زمانپژاندن دادەنێت لەمنداڵدا، چونکە منداڵانی جیهان لەڕووی گەشەکردنی مێشک و بایلۆژییەوە جیاوازیان نییە، بەڵام جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵە و کلتورەکە جیاوازە و کاریگەری لەسەر منداڵ هەیە''ڕابەری ئەم تیۆرە زانای دەروونی رووسی (Lev Vygotsky) یە ئەم زانایە ڕێبازی شیکردنەوەی مێژووی لەلێکۆڵینەوەکانیدا پەیڕەوکردووە، باوەڕی وایە جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکانی تردا لەڕووی بایلۆژی و کۆمەڵایەتییەوەیە''(عەبدولوەهاب:٢٠١٥: ٥٣) زانای ناوبراو گرنگی زۆری بەلایەنی کۆمەڵایەتی داوە. پێوایە منداڵ لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری زانیارییە هەستی و جەستەییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی، کە تێیدا لەدایکبووە. بۆیە ڕۆڵی دەوروبەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی لەپرۆسەی زمانوەرگرتن و گەشەی زانیاری منداڵدا ڕاستییەکی ئاشکرایە و ناکرێت فەرامۆشبکرێت. (فیگۆتسکی) کۆمەڵگای فێربوونی کردووە بە دوو بەشەوە، ئەمانەن:

**١_ ئەو کۆمەڵگایەی کە منداڵی تێدا دەژی.**

**٢_ئەو خێزان و چین و ناوەندە کۆمەڵایەتییەی، کە منداڵی تێدا گەشەدەکات و گەورەدەبێت.**

بەبۆچوونی ئەم تیۆرە کاتێک منداڵ دێتە دنیاوە ئەگەر هەموو ئۆرگانەکانی ئاخاوتنی بێ کێشە بێت و تەواو بێت. بەڵام ئەگەر ژینگەی کۆمەڵایەتی لەبار نەبوو ئەو منداڵە توانای زمانپژاندنی نابێت. چونکە منداڵ لەژێر کاریگەری زمانی دەوروبەر و کۆمەڵگاکەی زمانیدەپژێت و پرۆسەی بیرکردنەوەی گەشە دەکات. بەمپێیە ''ڤیگۆتسکی چالاکی دەنگی (Vocal Activity) و بیرکردنەوە (Thinking) بەدوو کردەی سەربەخۆ دەزانیت بەڵام پێیوابوو پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە''(عەبولوەهاب:٢٠١٥: ٥٤''. ئەم زانایە پێیوایە هەم زمان، هەم بیرکردنەوە بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتین زمانی منداڵیش

لەڕێگەی پرۆسەی زانیارییە نێوخودییەکانەوە لێکدەداتەوە. بەم هۆیەوە پەیوەندی ناوەکی نێوان زمان و بیرکردنەوە دەردەکەوێت، چونکە وشەکانی زمان لەبیرکردنەوەدا بەشداری دەکات بەبێ دەربڕین. ڤیگۆتسکی باوەڕی وایە هۆکاری سەرەکی و یەکەم پاڵنەری فێربوونی زمان پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتی بوونە.

**١-٢-١-٤)تیۆری عەقڵگەرایی(Rationalism Theory)**

یەکێکی دیکە لە تیۆرییەکان، کە باس لە چۆنیەتی زمانپژاندنی منداڵ دەکات جیاواز لەوانی دیکە، بە تیۆری (بایلۆژی و زمانەوانی Biological Theory)یش ناودەبرێت. سەرەتاکانی ئەم تیۆرییە لە پەنجاکانەوە دەستپێکرد، کاتێک لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی زمان و گەشەکردنی زمان لای منداڵ پەرەی سەند، چەند زانایەک کاریان لەسەر ئەم تیۆرییە کردووە و وەک بنەمایەک بەکاریانهێناوە، لەوانە ( Noam Chomsky) کە پێی وایە منداڵ ''لەگەڵ لەدایکبوونیدا توانستێکی بۆماوەیی هەیە، کە زمانێک لە زمانەکان فێرببێت، واتە بەبۆچوونی چۆمسکی، دەبێت مرۆڤ پێشوەخت دەزگا/ ئامرازێکی فێربوونی زمانی Language Acquisition Device(LAD) هەبێت کە خۆڕسکە و بەشێوەیەکی بۆماوەیی لەمێشکی مرۆڤدا کاردەکات''(خەلیل:٢٠١٣: ٣٦) بەهۆی ئەم دەزگایەوە منداڵ دەتوانێت یاسا و ڕێساکان هەڵبهێنجێنێت لەو داتا و زانیارییانەی دەیبیستێت و زمانیدەپژێت بەو زمانەی لەدەوروبەرەکەیدا هەیە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**١/٢)فێربوونی زمانی دووەم**

زمانی دووەم، ئەو زمانەیە کە مرۆڤ لەدوای فێربوونی زمانی دایک فێری دەبێت، هەربۆیە بە زمانی دووەم ناودەبرێت، چونکە وەرگرتن و فێربوونەکەی دەکەوێتە دوای زمانی (یەکەم-دایک)ەوە. بەشێوەیەکی گشتی فێربوونی ئەم زمانە دەکەوێتە دوای زمانی یەکەم و ئارەزوومەندانەیە. مرۆڤ دەتوانێت فێری نەبێت و تەنها بەزمانی یەکەم پەیوەندییەکانی بکات، بەڵام زانینی زمانێکی دیکە بۆ مرۆڤ گرنگر و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەرزدەکاتەوە. فێربوونی زمانی دووەم/بیانی، مامەڵە لەگەڵ دەستبەسەرگرتن و تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانێکی تره لەپاڵ زمانی دایک لەلایەن منداڵ و گەورەوە کەرەستە فەرهەنگییەکان ویاسا سینتاکسییەکانی زمانی دووهەم منداڵ یان گەورە فێریدەبێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە جۆراوجۆری زمانیدا.

سەرچاوەی فێربوونی زمانی دووەم، ماڵ، یان قوتابخانە، یان کۆمەڵگایە، کە بەهۆیانەوە منداڵ دوای زمانی دایکی فێری ئەم زمانە دەبێت، ماڵ وەک ئەوەی دایک ئاخێوەری زمانێک بێت و باوکیش قسەپێکەری زمانێکی دیکە بێت، لەم کاتەدا منداڵەکە فێری هەردوو زمانەکە دەبیت، یاخود زمانی خوێندن جیاواز بێت لەزمانی دایک، واتە پرۆگرامی خوێندن بە زمانێکی دیکە بیت و لێرەدا منداڵ لەپاڵ زمانی

یەکەمیدا فێری زمانی دووهەمیش دەبێت. جگە لەوە دەکرێت زمانی ستانداردی کۆمەڵگەیەک جیاوازبێت لەزمانی دایکیان، کە ئەمەش وادەکات دانیشتووانەکەی دوو زمان بزانن. ئەم کەسانەش پێیاندەوترێت (قسەپێکەری جووتە زمانی) "Bilingual" مەبەست لیی ئەو کەسانەیە، کە دوو زمان دەزانێت، واتە جگە لەزمانی یەکەم، توانای ئاخاوتن و تێگەیشتنی بەزمانێکی تریش هەیە. کە بەم زمانەش لەزانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا دەگوترێت (زمانی دوهەم/زمانی بێگانە).

لەفێربوونی زمانی دووەمدا زۆربەی کات مرۆڤە هەراشەکان لاوازترن بەبەراورد بەلاوەکان، چونکە بەتێپەڕبوونی کات ئەو میکانیزمەی هاوکاری فێربوونی زماندەکات کەمدەبێتەوە و نامێنێت، بۆیە دەبینین منداڵان و کەسانی لاو لەفێربوونی زمانی دووهەمدا خێراتر و چالاکترن لەچاو کەسانێک، کە لە قۆناغی هەراشیدان، ئەوەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە (ئامرازی زمانپژاندن " Language Acquisition Device")ەکەیان کەمدەبێتەوە و بەرەوە نەمان دەچێت. بارودۆخی فێربوون و وەرگرتنی زمانی دوەم جۆراوجۆر و جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری سەرەکییە(عەبدولوەهاب:٢٠١٥: ٨٣):

١_ دوانەی فێربوون و هاوبەش Compound Bilingualism:

ئەمەیان ئەو جۆرەیە، کە لەژینگەی خێزانی منداڵدا، دوو زمانی جیاواز لەکاردا بێت، واتە ئەندامانی خێزانەکە بە دوو زمان قسەبکەن، بەتایبەتی دایک و باوک، کەهەندێکجار ڕێکدەکەوێت هەریەکەیان سەر بە نەتەوە و زمانێکی تر دەبن. لەم کاتەدا باوەڕ ناکرێت دوو زمان لە خێزانێکدا بەشێوەیەکی وەک یەک و تەواو هاوسەنگ بەکاربهێنرێن و قسەیان پێبکرێت، بۆیە منداڵیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم بارودۆخە و یەکێکیان پێش ئەوی دیکەیان وەردەگرێت و فێردەبێت، لەم حاڵەتەدا زمانێک دەبێتە زمانی دایک و ئەوی دیکەیان (زمانی دووهەم)، بەڵام پاش ماوەیەک بەهۆی ئەوەی هەردوو زمانەکە لەناو خێزانەکەدا لەکاردان منداڵ بەباشی فێری هەردوو زمانەکە دەبێت.

٢_ دوانەی زمانەوانی هاوکار Coordinate Bilingualism:

ئەو جۆرەیە، کە منداڵ دوای وەرگرتنی زمانی یەکەم بەتەواوی، زمانێک یان چەند زمانێکی تر فێرببێت، ئەم دیاردەیەش دەکەوێتە دوای نزیکەی تەمەنی (پێنج بۆ شەش)ساڵی، چونکە هەموو منداڵێکی ئاسایی لەم کاتەدا بەباشی وەریگرتووە و فێربووە. فێربوونی زمانی دووهەم لەم تەمەنەوە بەدواوە، لە دوو جۆر بارودۆخدا ڕوودەدات، بارودۆخی فێربوونی پۆل (Classroom Learning) بریتییە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک هۆکاری ڕێکخراو و ئامادەکراو بۆ فێربوون وەک: (مامۆستا، پۆل و پرۆگرامی خوێندن..).

هەروەها بارودۆخی سروشتی (Natural Condition)، یان هەلومەرجی دەرەوەی پۆل، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

١_ کۆچکردنی خێزانی منداڵ لەناوچە و وڵاتی (زمان)ی خۆیەوە بۆ ناوچە و وڵاتێکی تر، کە زمانی تری تێدا بەکاردەهێنرێت. لە ئەنجامی تێکەڵبوونی منداڵ بەم بارودۆخە زمانی دووهەم یان چەند زمانێک فێردەبێت.

٢_ هەندێکجار خاڵی یەکەم پێچەوانە ڕوودەدات، خەڵکانی زمان جیاواز لە ناوچە و وڵاتانی ترەوە دێنە ناوچە و وڵاتی (زمانی دایک)ی منداڵ، بەڵام لەم حاڵەتەدا منداڵ کەمتر دەکەوێتە بەر کاریگەری فێربوونی زمانی دووهەم، چونکە زمانی یەکەم لەزمانی دووهەم زیاتر و زۆرتر بەکاردەهێنرێت.

٣_ زۆر کۆمەڵگە و وڵات هەن، کە زیاتر لە نەتەوەیەکیان تێدایە، ئەمەش ڕێگایەکی ترە بۆ فێربوونی زمانی دووهەم، بۆ وێنە لەهەندێک شوێنی کوردستان، وەک شارەکانی (کەرکوک، خانەقین، خورماتوو...) هەرسێ نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان دەژین، بەهۆیەوە منداڵان هەرسێ زمانەکە فێردەبن.

٤_ هاندانی (دایک و باوک) بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بەتایبەتی ئەو زمانانەی؛ کە هەژموونی زانستی و ڕۆشنبیرییان بەسەر جیهان و گەل و نەتەوەکانی ترەوە هەیە، وەک زمانی ئینگلیزی.

٥_ فێربوونی زمانی دووەم لەڕێگەی ئامێرەوە، منداڵ هۆگرە بە بەکارهێنانی هەندێک ئامێری وەک (تەلەفیزیۆن، سەتەلایت، کۆمپیتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل...) ئەمانە سەرچاوەن بۆ پێدانی زانیاری بەمنداڵ، بەتایبەتی زانیاری زمانی لەڕێگەی ئەو بەرنامە و بابەتانەی، کە خۆی شەیدای تەماشاکردنیانە، کە زۆر منداڵ لەم ڕێگەیەوە فێری زمانی دووەم بوون.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٣/٢)تیۆرەکانی وەرگرتن و فێربوونی زمانی دووەم**

چەند تیۆرێکمان هەیە، کە باس لەوەرگرتن و فێربوونی زمانی دووهەم دەکەن و چۆنیەتیەکەی شیدەکەنەوە ''تیۆرەکانی فێربوونی زمانی دوهەم زیاتر شیکردنەوە دەکەن بۆ لایەنە تایبەتەکانی پرۆسەی فێربوونی وەک چەشن و جۆرەکانی ئەو هەوڵانەی فێرخوازان دەیکەن یان زنجیرەی سروشتییانەی ئەو گەشەکردنانەی تێبینیکراون لەڕێگەی چەند چەمک و پرۆسەیەکی دیاریکراوی وەک (گواستنەوە"Transfer"، دارشتن و ئەبستراکتکردن"Generalization"، ئاسانکردن"Simplification"، لاسایکردنەوە"Imitation"''(قادر:٢٠١٤: ٨). تیۆرەکانی زمانی دووهەم زۆرن هەریەکەیان هەڵقولاوی چەمک و کرۆکەواتایەکی دیاریکراوی خۆیەتی، دوو چەشنی سەرەکی لە تیۆرەکانی فێربوونی زمانی هەن، بریتین لە؛(Littlewood,W:2004:514)

_چەشنی یەکەم: ئەو تیۆرییانەی (پرۆسەکانی درکپێکردن) وەک خاڵی سەرەتا و دەرچوون وەردەگرن.

_ چەشنی دووەم: زیاتر ئەو تیۆرییانە دەگرێتەوە، کە لە خاڵی (فێربوون لە دەوروبەر)ەوە دەستپێدەکات.

١-٣/٢)تیۆرەکانی چەشنی یەکەم

یەکەم: گریمانەی پێکهێنانی داهێنەرانە(The creative construction)

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە مرۆڤ، کە لەدایکدەبێت توانستی وەرگرتنی زمانی لەگەڵدایە چۆمسکی باوەڕیوایە، کە مرۆڤ لەدایک دەبێت شارەزایی و توانستی زمانی گشتی تایبەت بە خۆی لەگەڵدایە. کە ناوی ناوە (ڕێزمانی گشتی)، ئەم بۆچوونەی چۆمسکی وەک کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ڕەفتارگەرییەکان''کە زیاتر فێربوونی زمانی دوهەمیان لەپرۆسەی (فۆرمداڕشتنی خووەکان) لێکدەدایەوە''(قادر:٢٠١٣: ١٢٣). لەبەر ئەوەی زمان ڕەفتار نییە بەشیوەیەکی خۆڕسکی لای مرۆڤ هەیە توانستێکە لەمێشکدا هەڵگیراوە زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ئەوەیان خستووەتەڕوو کە قسەکەران پاش فێربونی زمانی یەکەم، دەتوانن لەسەر بنەماو دەستورەکانی، هەوڵ بۆ فێربونی زمانی دووەمیش بدەن. نەک تەنها زمانی قسەکردن، بەڵکو"لەسەر بناغەی زانیارییە کۆنەکانی لە بارەی زمانی ئاخاوتنەوە.....وەک توانای دووجۆر لە جێبەجێکردن و بەجێهێنانی زانستی فێری خوێندنەوە و نوسینەوە ببن"(مەحوی:٢٠٠١٣٠)

**دووەم: گریمانەی تێکردە Input Theory**

ئەم تیۆرە زۆرجار بەزاراوەی (Monitor Model) دێت، کە لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم باو بوو ''سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (چالاکیی Performance) زمانی، بەڵام دواتر گەشەیکرد و بوو بە تیۆرێکی باو بۆ لێکدانەوەی وەرگرتنی زمان نەک لە چالاکیی زمانی''(دزەیی:٢٠١٤: ١٧٨). بنەمای تیۆرییەکە بریتیبووە لە جیاوازیکردنی لەنێوان هەردوو چەمکی (زمانوەرگرتن) و (زمان فێربوون)، کە پێیوایە ''زمانپژاندن بریتییە لە وەچەدرکپێکردنێک و ئاراستەکراوە بەهۆی میکانیزمە خۆڕسکییەکانی فێرخوازەوە بەدرێژایی گەشەکردنە سروشتییەکان، هەرچی (زمان فێربوون)یشە زیاتر بریتییە لە درکپێکردن و هەمیشە ڕوودەدات لەڕێگەی خوێندنی ناو پۆل و ڕاستکردنەوەی هەڵەوە''(قادر:٢٠١٣: ٩). لەم تیۆرییەدا زمانپژاندن بەگرنگتر دەزانێت لەزمان فێربوون ''چونکە ئەو زمانەی کە فێری دەبین تەنها ڕۆڵێکی زیادەی وەک (نواندن "Montor") بۆ ئاخاوتن و نوسین دەگێرێت و هەرگیز ناتوانێت بەسەر پێڕەوی زمانپژاندندا تێپەڕ ببێت''(قادر: ٢٠١٣: ١٢٤) واتە زمان فێربوون بە دەرهاویشتە دەزانێت پێش بەرهەمهێنانی زمان، چونکە لەئەنجامی فێرکردن و وانەگوتنەوە لە دەزگا پەروەردەییەکان دروستدەبێت. هەروەها (کراشن) چەند مەرجێک بۆ ئەکتیڤکردنی ئەم سیستەمە دادەنێت

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

‘‘کە بریتین لە: بوونی کاتی پێویست بۆ بەکارهێنانی ڕێزمانی زمان، جەختکردن لەسەر پێکهاتە و دروستی زمانی، شارەزایی ڕێزمانی زمان’’(دزەیی:٢٠١٤: ١٧٩).

سێیەم: تیۆری ڕێزمانی گشتی -The Universal Grammar-UG

چۆمسکی لەم تیۆرەدا پێشنیازی ئەوەی کردووە، کەوا پۆلێک ڕێسا هەیە، کە هەموو زمانەکان بەڕێوە دەبات و هاوبەشە لەنێوان زمانەکاندا و لەئاوەزی مرۆڤدایە ‘‘ئەگەرچی ئەم ڕێسایانە گشتین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕێگە دەدەن بە هەمەجۆری لەپارامێتەرەکاندا پەیوەست بە تێکردە زمانییەکانەوە، کە لەژینگە و دەوروبەرەوە وەریدەگرن، بۆیە ئەگەر ڕێساکانیش گشتی بن، هێشتا پارامێتەرەکان جیاواز و هەمەجۆرن، هەربۆیە بەپێی ئەم تیۆرییە کاری فێرخوازی زمانی دوهەم بریتی دەبێت لەوەی بزانێت چۆن ئەم پارامێتەرانە بۆ زمانەکەی، کە دەیەوێت وەک زمانی دوهەم فێری بێت، دانراون’’(قادر:٢٠١٣: ١٢٤).

واتە ئەگەرچی ڕێسا گشتییەکانی زمان لە ئاوەزی مرۆڤدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێسایانە خاوەنی پارامێتەری جیاوازن، بۆیە فێرخواز پێویستە لەکاتی فێربوونی زمانی دووهەمدا جیاوازی پارامێتەرەکان و بەکارهێنانیان بزانێت و چۆنییەتی دانانیان فێرببێت، تاوەکو بتوانێت ئاخاوتنێکی بێ کێشە بکات و خۆی بەدوور بگرێت لە هەڵەکردن لە بەکارهێنانی پارامێتەرەکانی زمانی دووهەم.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

چوارەم: مۆدێلی فێربوونی لێهاتووییە درکپێکردنەکان

لەم تیۆرییەدا گرنگی بە لێهاتوویی درکپێکردنەکان دراوە بۆ ڕێکخستن و دانانی پلانێکی گونجاو لەکاتی ئاخاوتندا و ڕیزکردنی کەرەستەکانی بۆ دەربڕینێکی گونجاو ‘‘لێکۆڵینەوەکانی( Johnson 1996)پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە: ڕێسا گشتییەکانی سایکۆلۆژیای درکپێکردن بەسە بۆ شیکردنەوەی فێربوونی زمانی دوهەم’’(Littlewood,W:2004:507) لەم تیۆرییەدا پەیوەندیکردن بەهۆی زمانەوە زیاتر وەک شارەزاییەکی ئاڵۆز لێکدراوەتەوە و پشت دەبەستێت بەپلاندانانی درکپێکردن، واتە لەم تیۆرەدا پێیوایە پەیوەندیکردن بریتیە لەدانانی پلانێکی گونجاو و درکپێکردنانە بۆ ئاخاوتن و پاشان بەپێی ئەو پلانە دەست بە ئاخاوتن بکرێت.

**٢-٣/٢)تیۆرەکانی چەشنی دووهەم**

ئەو تیۆرییانە دەگرێتەوە کە فێربوون لە ڕوانگەی دەوروبەرەوە لێکدەداتەوە، ئەم چەشنەشیان لە چوار وەچە تیۆری پێکهاتووە، کە بریتین لە:

یەکەم: گریمانەی کارلێکردن (The Interaction Hypothesis)

لەم گریمانەیەدا باوەڕ وایە، کە فێرخواز زیاتر لەناو کارلێکردنە کۆمەڵایەتییەکاندا چانسی بۆ گفتوگۆکردن و فێربوونی زمانی دووهەم دەڕەخسێت و بەهۆیەوە زیاتر بە ئاستی تێگەیشتن و درکپێکردن

دەگـات ‘‘تیـۆرییەکە لە پرۆسـەی فێربـوونی زمـانی دوهەمـدا، کە لەنـاو پـۆلی خوێندنـدا ڕوودەدات زیـاتر جەختدەکاتە سەرکاری پێکەوەیی فێرخوازەکان، چونکە کردەی گفتوگۆکردن زیاتر دەرەخسێنێت، ئەمەش لەخۆیـدا هەنگـاوی یەکەمە بـۆ گەیشـتن بە کـردەی تێگەیشـتن و وردبـوونەوە لەواتـای زمـانی دوهەم’’(قادر:٢٠١٣: ١٢٥). ئەم کارلێکردنە کۆمەڵایەتییە هۆکارێکە بۆ وروژاندنی مرۆڤ بۆ زمانپژاندن و فێربوونی زمانی دووهەم، بەهۆی ئەوەی کاتێک فێرخوازان لەناو پۆلی خوێندندا کاری پێکەوەیی دەکەن هانیان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆ بکەن و زیاتر لەزمانی دووهەمدا ڕۆبچن و قووڵببنەوە بە ئاستێکی باش فێری زمانی دووهەم ببن.

**دووەم: گریمانەی دەرکردە (Output Hypothesis)**

لەم گریمانەیەدا ئاماژە بەوە دەدات، کاتێک فێرخواز گوێی لە پرسیار و داواکاری مامۆستا و هاوڕێکانی ڕادەگرێت و هەوڵدەدات لەبەرخۆیەوە وەڵامیانبداتەوە یان دووبارەیانبکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاوەزیی. هەندێکجار بەشێوەی ورتەورت و قسەکردنی لەبەرخۆوە وەڵامیاندەداتەوە، لەم قۆناغەدا بەبێ دەربڕین لەئاوەزیدا وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و دووبارەیان دەکاتەوە ‘‘بەمەش فێرخوازان دەتوانن گەشە بە کۆزانیاری خۆیان لەسەر زمانی دوهەم بدەن، کە دواتر دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ فێربوونی زمانی دوهەم’’(قادر:٢٠١٣: ١٢٥).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

سێیەم: گریمانەی دروستەی کاتی پاڵپشت The Scaffolding Hypothesis

ئەم تیۆرە درێژکراوەی تیۆری (کارلێکردنی کۆمەڵایەتی)یە، کە لەلایەن (ڤیگۆتسکی)یەوە دانراوە و بۆچوونی ئەمە، کە تیۆرییەکەی پێیوایە جیاوازی لەنێوان مێشکی منداڵانی جیهان نییە ، بەڵکو ئەوەی جیاوازە ژینگە و ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵە لەناو کۆمەڵگەدا، لێرەوەدا گریمانەکەی لە دوو چەمکە بنەما پێکهاتووە، کە چەمکی (دروستەی کاتی پاڵپشت/Scaffolding)و (هەرێمی گەشەکردنی نزیک Zone of/ proximal development)ن، چەمکی یەکەمیان زیاتر مەبەستی ئەوەیە، کە فێرخوازان بەهۆی پاڵپشتییەوە هەمیشە پرۆسەی فێربوونەکەیان باشتر دەبێت، ئەگەرچی ناشگەنە ئاستی سەربەخۆیی لە بەکارهێنانی زمانەکەدا... هەرچی چەمکی دوهەمیشە مەبەست لێی ئەوەیە، کە ئەگەر فێرخوازان نەشتوانن بگەنە ئاستی سەربەخۆیی لەبەکارهێنانی زمانەکەدا، خۆ دەتوانن بگەنە ئاستی بەدەستهێنانی یارمەتی. لەم تیۆرییەدا گرنگی بەو پاڵپشتییە دەدات، کە پێویستە هەبێت تاوەکو فێرخوازان زیاتر هەوڵبدەن و باشتر فێری زمانی دووهەم ببن، هەروەها لە چەمکی دووهەمدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر فێرخواز نەشتوانێت بگاتە ئاستی سەربەخۆیی لە بەکارهێنانی زمانەکەدا، بەڵام دەتوانێت بگاتە ئاستی یارمەتی.

چوارەم: مۆدێلی خۆڕۆشنبیرکردن و تیۆری پێناسی کۆمەڵایەتی: لەم تیۆرەدا گرنگی دەدرێت بە ڕۆشنبیری کەسی فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووهەم، چونکە هەتا فێرخواز ڕۆشنبیرتر و شارەزاتر بێت لە کلتوری زمانی دووهەم، ئەوا ئاسانتر فێری زمان دەبێت و دەتوانێت کۆنترۆڵی پێناسی کەسێتی خۆی و بەرانبەرەکانیشی بکات، ئەم مۆدێلە لە بنەڕەتدا لە ئاوێتەکردنی هەردوو تیۆری(کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و دروستەی کاتی پاڵپشت)ەوە هەڵگوێزراوە، بەپێی ئەم تیۆرییە''دەبێت لەپرۆسەی فێربووندا گرنگی بدرێت بە دەوروبەری کۆسیاسی"Sociopolitical" لە گرنگیدان بەم چەمکە دەکرێت فێرخواز باشتر و خێراتر فێری زمانی دوهەم ببن''(قادر:٢٠١٣: ١٢٦)، چونکە هەتاکو زیاتر لەسەر کلتور و دابونەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتی خاوەن زمان بزانن، ئەوا زووتر فێری زمانەکە دەبن و ئاستی تێگەیشتنیان زیاتر دەبێت، بە شێوازێکی گونجاوتر دەتوانێت خۆی لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا ڕابهێنێت.

لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا فۆرمەکان لە چەمکەکان گرنگترن، چونکە فێرخواز لە زمانی یەکەمیەوە چەمکەکانی وەرگرتووە و دەیانزانێت. بۆیە لە فێربوونی زمانی دووهەمدا تەنها فۆرمەکانی کە ئاماژەن بۆ چەمکەکان  فێریان دەبێت، بەڵام هەندێک چەمک هەیە تایبەتە بە نەتەوە و زمانێکی جیاواز، تاوەکو کردەی تێگەیشتن بێتە ئاراوە و لێڵی و تەمومژی لە ئاخاوتنەکاندا نەبێت، بۆیە پێویستە فێرخواز بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی شارەزا و لێهاتوو لە زمانی دووهەمدا جگە لەوەی دەبێت فۆرمەکان بزانیت و دروستە سینتاکسییەکان بزانێت، پێویستە چەمکەکانی زمانی دووهەمیش بزانیت و زانیاری لەسەریان هەبێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**٤/٢) کاریگەریی زمانی دووەم لەسەر زمانی منداڵی کورد**

هەر وەک لەپاری دووەمی ئەم بەشەماندا لە فێربوونی زمانی دووهەمدا، ئاماژەماندا بەوەی زمانێکی دیکە کاریگەری لەسەر زمانی یەکەمی فێرخواز دەبێت، جگە لەوەی کاریگەری لەسەر لایەنی کەسێتیشی دەبێت، چونکە لەیەک کاتدا دوو زمان دەزانێت، کە هەڵگری چەمک و کلتور و دابونەریتی جیاوازی دوو نەتەوەن، ئەم جیاوازییانەش، گەر بە ڕەهایش نەبێت، ئەوا بە ڕێژەیی کاریگەری لەسەر فێرخواز دروستدەکات.

ئەو منداڵانەی لەدوای تەمەنی شەش ساڵی فێری زمانێکی دیکە دەبن، بەهەر هۆکارێک بێت لەو هۆکارانەی، کە ئاماژەمان بۆ کردوون، ئەوا کاریگەری ئەم زمانە زیاترە لەسەریان بە بەراورد لەگەڵ کەسێکدا، کە لە قۆناغی هەراشیدا زمانێکی دیکە فێربووە، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا ڕاستە زمانی یەکەمی بەتەواوی پژاوە، بەڵام وەک کەسێکی هەراش ئاگاداری دابونەریت و کلتور و زمانەکەی خۆی نییە و زانیاری لەسەرییان نییە، بەڵکو تەنها چەند شتێکی سەرەتایی و کەم لەبارەیانەوە دەزانێت، دوای فێربوونی زمانێکی دیکە و وەرگرتنی هەندێک لە دابونەریت و کلتوری نەتەوەی خاوەن زمان، دەکرێت ئەم

زانیارییانەی ڕوو لە کەمی بکەن بەهۆی کاریگەری زمانی دووەم لەسەری، بەڵام کەسێکی دیکە، کە لە قۆناغی هەراشیدا زمان فێردەبێت، ئەوا کاریگەرییەکەشی بە بەراورد بەهی منداڵەکە کەمتر دەبێت، چونکە زانیارییەکانی ئەم زیاترە و زۆرتر شارەزایی هەیە لەسەر زمان و کلتوری نەتەوەکەی و کاریگەرییەکان لەسەری کەمتر دەبێت، چونکە هەوڵی پاراستنی زمانی یەکەمیشی دەدات لە هەمانکاتدا. هەروەها ئەو کەسانەی زمانێکی دیکە وەردەگرن جیاوازە لە زمانی یەکەمیان/دایکیان، پێویستە فێری کۆزانیارییەکانی ئەو زمانە ببن، تاوەکو بتوانن ئاخێوەرێکی سەرکەوتووبن بەو زمانە ''فێرخوازی زمانی دوهەم لەئێستادا جگە لەوەی دەبێت شارەزایی توانستی زمانی زمانە دوهەمەکە بێت، پێویستە فێری (توانستی پەیوەندیکردن Communication Competence)یش ببێت، کە هەموو کۆزانیارییەکانی وەک کۆزانیاری زمانەوانی، کۆزانیاری دەقییانە، کۆزانیاری پراگماتیکی، کۆزانیاری کۆزمانەوانیانە، کۆزانیاری کۆکلتوریانە) دەگریتەوە ببێت''(قادر:٢٠١٤:١٢٢)[3]. واتە پێویستە فێرخواز، جگە لەزانیاری زمانەوانی، فێری هەموو جۆرە کۆزانیارییەکانی زمانی دووهەم ببێت، تاوەکو قسەپێکەرێکی سەرکەوتووی زمانەکە بێت و لە هەموو بارودۆخێکدا بتوانێت هەم تێبگات و هەم ئاخاوتن بکات و پەیوەندی بە دەوروبەرەکەیەوە بکات، بوونی هەریەکێک لەم کۆزانیارییانە کاریگەری لەسەر کۆزانیاری زمانی یەکەم و دنیابینی و کلتوری نەتەوەکەی دەبێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لەم توێژینەوەیەدا بۆ دیاریکردنی ئەو کاریگەرییانە لەسەر منداڵی کورد سەردانی خوێندنگەی (میدیای نێودەوڵەتی نمونەیی)مان کرد، کە زمانی خوێندن تیایاندا زمانی کوردی نییە، جگە لە دوو وانە بە زمانی کوردی، بەڵکو سەرجەم وانەکان بە ئینگلیزی دەخوێندرێت. داتاکان لە زمانی خوێندکارانەوە کۆکراونەتەو تاوەکو کاریگەرییەکانی پێدەستنیشان بکرێت، لە ئاستی منداڵانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی، کە تەمەنیان لەنێوان (٦-٧-٨-٩) ساڵدایە، لە ئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەرکەوت، کە منداڵانی پۆلی یەکەم کەمتر کاریگەری زمانی ئینگلیزییان لەسەرە بە بەراورد بە خوێندکارانی پۆلی دووەم، چونکە خوێندکارانی پۆلی دووەم ماوەیەکی زیاترە مامەڵە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا دەکەن و زیاتر لە منداڵانی پۆلی یەکەم شارەزای زمانەکەن و وشەگەلێکی زیاتر فێربوون و دەتوانن زمانەکە بەکاربهێنن.

بەشێوەیەکی گشتی لەدوای وەرگرتنی داتاکان و وردبوونەوە لێیان بۆماندەرکەوت، کە زمانەکەی دیکە دوو جۆر کاریگەری لەسەر منداڵەکان دروستکردووە کە بریتین لە:

١_ کاریگەری زمانیی.

٢_ کاریگەری کلتوری و کۆمەڵایەتی.[4]

**٢/٣-١)کاریگەریی زمانیی**

بێگومان دوای وەرگرتن/فێربوونی زمانێکی دیکە، ڕاستەوخۆ کاریگەریی زمانیی لەسەر زمانی یەکەمی منداڵ دەردەکەوێت، بەوەی کە منداڵ لەیەک کاتدا هەم زمانی یەکەمی خۆی و هەم زمانی دووەم فێردەبێت و زانیاری زیاتری لەسەر زمانی یەکەمی خۆی وەردەگرێت و پەرە بە فێربوونی زمانی دووەم دەدات و بەکاریاندەهێنێت بەهۆی زمانی خوێندنییەوە، لەم کاتەدا زیاتر جەختی لەسەر فێربوونی زمانی دووەمە بەشێوەیەکی تەواو و بێکەموکورتی، بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات ئەو وشە و زاراوانەی فێریان بووە بەکاریانبهێنێت و توانای خۆی بۆ دەوروبەرەکەی دەربخات.

لەکاتی سەردانمان بۆ خوێندنگەکان، تێبینی زمانی قسەکردنی خوێندکارەکانمان کرد، ئەوانەی کە لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا بوون جیاوازییەکی بەرچاویان هەبوو بە بەراورد بەو خوێندکارانەی چەند قۆناغێک لەوان لە پێشتر بوون، هەر لە شێوازی قسەکردن و دەربڕین و گفتوگۆکردنیان بۆ زمانی دووەم و یەکەمیشیان. ئەوانەی لە قۆناغەکانی (١ تا ٣) بوون لەپاڵ زمانە ئینگلیزییەکەشدا بە کوردی ئاخاوتنیان دەکرد، بەڵام ئەوانەی لە قۆناغەکانی دواتر بوون زیاتر بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد بە جۆرێک بوون، کە دەربڕینێکی باش و ئاست بەرزیان هەبوو بۆ زمانەکە و شێوازی دەربڕینی وشە و ڕستەکان، هەرچەندە خوێندکارانی قۆناغەکانی (١-٣) دەربڕینێکی گونجاویان هەبوو، بەڵام بەو ئاستە بەرزە نەبوو لەچاو گەورەکاندا. سەرەڕای هەموو ئەوانە لەکاتی وەرگرتنی داتاکان و پرکردنەوەی فۆرمەکاندا لەناو خوێندکارانی پۆلی یەکەمدا، کاتێک بە زمانی کوردی پرسیاری ناو و تەمەنمان لێدەکردن، هەنێکیان وەڵامیان نەدەبوو، بۆیە بە زمانی ئینگلیزی پرسیارەکەمان ئاراستەدەکردن و بەبێ کێشە وەڵامیان دەدایەوە، بەڵام زۆرینەیان بە پێچەوانەوە بوون.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

لەکاتی پرسیارکردندا سەبارەت بە وێنەکانی ناو فۆرمەکە. بە ڕێژەیەکی بەرچاو بە زمانی ئینگلیزی وەڵامیان دەدایەوە. جگە لەو وێنانەی، کە مۆرکێکی کوردەوارییان هەیە، بۆ نمونە:

١_ یەکێک لەوێنەکان وێنەی (ئاگری نەورۆز) بوو، وەڵامی منداڵەکان بەرانبەر بەو وێنەیە سەرسوڕهێنەربوو، چونکە وەڵامی ''٦٠٪''ی خوێندکاران بەو جۆرە بوو، کە تەنها دەیانگوت ''ئاگر''ە، هەرچەندە لەوێنەکەدا بەڕوونی دیارە ئاگری جەژنی نەورۆزە، هەروەها ''٤٠٪''ی وەڵامەکانیان ''ئاگری نەورۆز'' بوو.

٢ _ لەوێنەیەکی دیکەدا کە وێنەی (ماسی)یەک بوو، کاتێک لە ئەوانمان دەپرسی ڕاستەوخۆ بەزمانی ئینگلیزی وەڵامیان دەدایەوە بەوەی کە ''Fish''ە، تەنها ''٣٠٪'' خوێندکارەکان بە زمانی کوردی وشەکەیان دەوت و وەڵامیان دەدایەوە، بەهەمان شێوە بۆ وێنەکانی دیکەش زۆرینەیان بەزمانی ئینگلیزی وەڵامیان دەدایەوە، لەکاتێکدا ئێمە بەزمانی کوردی پرسیارەکانمان ئاڕاستەدەکردن، واتە ''٧٠٪'' بەزمانی ئینگلیزی بوو. سەرەڕای هەموو ئەمانە توێژەری کۆمەڵایەتی ئەو خوێندنگەیە پێی ڕاگەیاندین کە تاوەکو قۆناغی سێیەم بەشێوەیەکی زۆر باش فێری زمانی ئینگلیزی دەبن و کاریگەرییەکەی بەجۆرێکە لەسەریان، کە هەر لەسەرەتاوە و بەماوەیەکی کەم لەدەربڕینی دەنگ و وشەکان و ڕستەکانی زمانی ئینگلیزیدا زۆر پێشدەکەون. بەجۆرێک دەتوانن وەک قسەپێکەرێکی زمانەکە وشەکان دەرببڕن، کە بەبەراورد بە خوێندکارانی قوتابخانە حکومییەکان جیاوازییەکی زۆریان هەیە، هەروەها ئەم کاریگەرییە بەتەنها لەسەر خوینکارەکان خۆیان نییە، بەڵکو خێزانەکانیشیان دەکەونە ژێر کاریگەری زمانەکە و تا ئاستێکی بەرچاو فێری زمانی ئینگلیزی دەبن، بەهۆی ئەوەی تەنها دوو وانە بەزمانی کوردی دەخوێنن. ئەمەش وایکردووە، کە خێزانەکان بەهەمان شێوەی منداڵەکانیان بکەونە ژێر کاریگەری ئەم زمانە، چونکە ڕۆژانە لەماڵەوە ئەرکەکانی خوێندنگەکەیان پێ جێبەجێدەکەن و کاریگەرییەکە ئەوانیش دەگرێتەوە. بەم شێوەیە کاریگەرییەکان تەنها خوێندکارەکان ناگرێتەوە، بەڵکو خێزانەکانیشیان دەگرێتەوە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

منداڵانی پۆلی یەکەم لەزمانی یەکەمدا بۆ دەربڕینی وشەسادەکان بێگرفت بوون، بەڵام لەوشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا کەمێک توشی گرفت دەبوون، چونکە زیاتر مامەڵە لەگەڵ زمانی دووهەمدا دەکەن و زۆرتر وشە و زاراوەکانی ئەو زمانە جێگەی بایەخیانە. بۆ نموونە:

١ _ یەکێک لەوێنەکان وێنەی وەرزشی (یاری تۆپی پێ)بوو، کاتێک پرسیارمان لەخوێندکارەکان دەکرد، ''٧٠٪'' بەزمانی ئینگلیزی وەڵامیان دەدایەوە بەوەی وشەی ''Football''یان دەوت، لەوڕێژەیەی بەزمانی ئینگلیزی وەڵامیاندایەوە ''٤٠٪''ی نەیدەزانی بەزمانی کوردی چ فۆڕمێک بۆ ئەو وەرزشە دانراوە، هەروەها ''٣٠٪''ی خوێندکارەکان ڕاستەوخۆ بەزمانی کوردی وەڵامیاندەدایەوە بە وشەکانی ''دووگۆڵی، تۆپێن''.

٢ _ یەکێکی دیکە لەوێنەکان وێنەی (ئاهەنگی هاوسەرگیری)بوو، کە پرسیارمان لە خوێندکارەکان دەکرد ئەم وێنەیە چییە، خوێندکارانی پۆلی یەکەم ''٦٠٪'' نەیاندەزانی بەزمانی کوردی چ فۆڕمێکی هەیە، بەڵکو بەزمانی ئینگلیزی بە وشەکانی ''Party-Wedding'' وەڵامیان دەدایەوە، ''٣٠٪'' وەڵامەکانیان بەزمانی کوردی تەنها دەیانگوت (بوک، زاوا) بێ ئەوەی بزانن چ وشەیەکی کوردی بەرانبەری هەیە، هەروەها ''١٠٪''ی خوێندکاران وەڵامەکەیان وشەی (حەفلە) بوو.

جیاواز لەمانە، وێنەی ڕووەکێکی وەرزی بەهاری کوردستانمان لەناو فۆڕمەکەدا دانابوو تاوەکو بزانین تا چەند ئەم ڕووەکە دەناسن و دەزانن چییە، بۆ نموونە: وێنەی ڕووەکی (ڕێواس) بوو، کە لەشاخەکانی هەرێمی کوردستان لەمانگەکانی (٤-٥)دا هەیە و دەکەوێتە بازاڕەوە و خواستی زۆری لەسەرە، کاتێک پرسیاری ئەم وێنەیەمان لێیانکرد، بەڕێژەیەکی زۆر نەیاندەزانی ناوەکەی چییە، بەڕێژەی ''٤٠٪'' نەیاندەزانی چییە، بەڕێژەی ''٤٠٪'' وەڵامەکەیان وشەی ''Flower''ی زمانی ئینگلیزی بوو، تەنها ''٢٠٪'' خوێندکارەکان زانیان کە ناوی (ڕێواس)ە، هۆکاری ئەم نەزانینەش بەهۆی کاریگەری زمانی دووهەمیانەوە بوو.

بەهەمان شێوە وەڵامەکانیان بۆ وێنەکانی دیکەش بەو جۆرە بوو، کە بەڕێژەی ''٦٠٪'' بەزمانی ئینگلیزی وەڵامیان دەدایەوە، ''٣٠٪'' بەزمانی کوردی و ''١٠٪'' وەڵامەکانیان نەدەزانی بەهیچ کام لەزمانەکان. لەهەمانکاتدا خوێندکارانی پۆلی دووهەم، کاتێک پرسیارەکانمان ئاراستەدەکردن، زیاتر وەڵامەکانیان بەزمانی ئینگلیزی بوو، بەهۆی ئەو کاریگەرییەی کە زمانەکە لەسەریان هەیەتی، تێگەیشتنیان لەزمانی یەکەمیان کەمێک ڕوو لەکزبوون بوو، چونکە کاتێک ڕستە کوردییەکانمان پێدەگوتن پێویستی دەکرد کە ڕوونکردنەوەیان بدەینێ و شیبکەینەوە کە مەبەستمان چییە و چ داوایەکمان هەیە، تاوەکو بتوانن وەڵاممان بدەنەوە، بۆ نموونە:

مجلة لاراك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

١_ کاتێک پرسیاری وێنەی (ڕێواس)ەکەمان لەمانیش کرد، بەڕێژەی ''٦٠٪'' لەوەڵامەکانیاندا بەزمانی ئینگلیزی دەیانگوت ئەمە ''Flower''ە، بەڕێژەی ''٣٠٪'' هەر نەیاندەزانی، کە وێنەی چییە، ''١٠٪'' بەزمانی کوردی وەڵامەکەیان دەزانی و دەیانگوت (ڕێواس)ە، لەکاتێکدا ئەم جۆرە ڕووەکە لەم وەرزەدا زۆر بووە.

٢_ هەروەها لەنموونەیەکی دیکەدا، کە وەرزشی (تۆپی پێ)بوو، بەڕێژەی ''٨٠٪'' خوێندکارەکان وەڵامەکانیان بەوشەی ''Football''ی زمانی ئینگلیزی بوو، ''٢٠٪'' بەزمانی کوردی وەڵامەکانیان وشەکانی (دووگۆڵی-تۆپی پێ- تۆپتۆپێن) بوو.

٣_ لەنموونەی سێهەمدا، کاتێک وێنەی (ئاگری نەورۆز)مان نیشاندا تاوەکو پێمان بڵێن، کە ئەمە چییە، وەڵامەکانیان جیاوازتر بوو لە خوێندکارەکانی پۆلی یەک، چونکە ئەمان وەڵامەکانیان بەڕێژەی ''٧٠٪'' تەنها وشەکانی ''Fire''ی زمانی ئینگلیزی بوو، تەنها بەڕێژەی ''٢٠٪'' وەڵامەکەیان بەزمانی کوردی و بەڕاستی دایەوە بەوشەی ''ئاگری نەورۆز'' بوو، هەروەها لە ''١٠٪'' بەهیچ کام لەزمانەکان نەیاندەزانی چییە و بێ وەڵام دەمانەوە.

٤ _ هەروەها لەوێنەی (ماسی)یەکەشدا، بەڕێژەی ‘‘٨٠٪’’ وەڵامی خوێندکارەکان بەزمانی ئینگلیزی بوو بە وشەی ‘‘Fish’’ی زمانەکە، بەڕێژەی ‘‘٢٠٪’’ بەزمانی کوردی وەڵامیان داینەوە.

٥ _ کاتێکیش وێنەی (ئاهەنگی هاوسەرگیری)یەکەمان نیشاندان، بەڕێژەی ‘‘٧٠٪’’ بەزمانی ئینگلیزی و وشەکانی ‘‘Marriage, Marry, Party, Wedding’’ وەڵامیان دەدایەوە، کە هەریەکێک لەو وشانە بەواتای (هاوسەرگیری) دێت لەزمانی ئینگلیزیدا، هەروەها بەڕێژەی ‘‘٢٠٪’’ی خوێندکاران نەیاندەزانی وێنەکە چییە و بەهیچ کام لەزمانەکان وەڵامیان نەدایەوە، بەڕێژەی ‘‘١٠٪’’ بەزمانی کوردی و بە وشەکانی ‘‘حەفلە، شوکردن، ژنهێنان’’ وەڵامیاندەدایەوە.

بەگشتی خوێندکارانی پۆلی دووهەم زیاتر کاریگەری زمانی دووهەمیان لەسەر بوو. زیاتر وشەکانی ئەو زمانەیان دەزانی بەبەراورد بەزمانی کوردی، بەڵام خوێندکارانی پۆلی یەکەم بەو پێیەی ماوەیەکی کەمتر مامەڵە لەگەڵ ئەو زمانەدا دەکەن، کەمتر کاریگەرییەکان لەسەر هەبوو و لەدەربڕینی دەنگەکان و وشە و زاراوەکانی زمانی کوردیدا باشتر بوون لەخوێندکارانی پۆلی دووهەم، بێگومان خێزانیش هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان لەسەریان و هەوڵدان بۆ ئەوەی زمانی یەکەمی منداڵەکەیان بپارێزن، چونکە زمانی نەتەوە و ژیانی ڕۆژانەیانە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە لەزاری تویژەری کۆمەڵایەتی خوێندنگەکەوە وەرمانگرت، ئاماژەی بەوەدا تەنها کاریگەرییەکە لەسەر منداڵەکان نییە، بەڵکو خێزانەکانیشیان دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم زمانەوە. بەتێپەڕبوونی کات فێری زمانەکە دەبن، ئەوا بەهۆی منداڵەکانیانەوە دەتوانن زانیارییەکی زۆر لەسەر وشە و زاراوە و ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی وەربگرن و توانای بەکارهێنانیان بۆیان دەبێت. بەم جۆرە کاریگەری ئەم زمانە زۆر پەلدەهاوێژێت لەناو خێزانەکەدا بۆیە لەم کاتەدا ئەرکی دایکوباوک دەبێت زۆر ئاگاداری (زمانی یەکەم/دایک)ی منداڵەکانیان بن و هەولدەن لەپاڵ فێربوونی زمانی دووهەمدا زۆرینەی لایەنەکانی زمانی دایکیان فێربکەن، تاوەکو زمانەکەیان بەرەو کزی نەچێت.

وەڵامی خوێندکارانی پۆلی یەکەم، گەر بەشێوەیەی خشتەیەک نیشانبدەین و ڕێژەی وەڵامەکانیان بەزمانی کوردی و ئینگلیزی دیاریبکەین لەگەڵ ئەوانەی هیچ زانیارییەکیان لەسەرییان نەبووە، یاخود نەیانزانیووە وەڵامی بدەنەوە و بیخەنەڕوو، ئەوا وەک خشتەی ژمارە(١)ی لیدێت و تێیدا ڕێژەی وەڵامەکانیان دیاریکراوە.

خشتەی (١)/ خوێندکارانی پۆلی یەکەم:

| وێنەکان | ڕێژەی وەڵام بە ئینگلیزی | ڕێژەی وەڵام بە کوردی | بێوەڵام |
|---|---|---|---|
| ١_وێنەی (تۆپ)ێک | ٦٠٪ | ٣٠٪ | ١٠٪ |
| ٢_ وێنەی (ماسی)یەک | ٧٠٪ | ٣٠٪ | / |
| ٣_وێنەی (یاری تۆپی پێ) | ٧٠٪ | ٣٠٪ | / |
| ٤_وێنەی (مزگەوت)ێک | / | ٧٠٪ | ٣٠٪ |
| ٥_وێنەی (کتێب)ێک | ٦٠٪ | ٤٠٪ | / |
| ٦_وێنەی (پیزا) | ١٠٠٪ | / | / |
| ٦_وێنەی (ئەسپ)ێک | ٥٠٪ | ٥٠٪ | / |
| ٧_وێنەی (ڕێواس) | / | ٢٠٪ | ٨٠٪ |
| ٨_وێنەی (ئاهەنگی هاوسەرگیری) | ٢٠٪ | ٤٠٪ | ٤٠٪ |
| ٩_وێنەی (ئاگری نەورۆز) | / | ٤٠٪ | ٦٠٪ |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

بە ڕوانین و وردبوونەوە لەخشتەکە بۆماندەردەکەوێت، کە بەپلەی یەکەم وەڵامەکان بەزمانی (ئینگلیزی) بوون، بەپلەی دووەم وەڵامەکان بەزمانی (کوردی) بوون و بەپلەی سێیەم هەندێ لەپرسیارەکان بێوەڵام ماونەتەوە و خوێندکارەکانی پۆلی یەکەم هیچ وەڵامێکیان بۆ هەندێک لەپرسیارەکان نەبووە.

بەهەمان شێوە بۆ دەرخستنی ڕێژەی وەڵامەکان بەزمانی ئینگلیزی و کوردی لای خوێندکارانی پۆلی دووهەم خشتەیەک دەکێشین و تیایدا ڕێژەکان بەڕوونی دەرخراوە و ئاماژەی پێدراوە.

**خشتەی (٢)/ خوێندکارانی پۆلی دووهەم:**

| وێنەکان | ڕێژەی وەڵام بە ئینگلیزی | ڕێژەی وەڵام بە کوردی | بێوەڵام |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١_وێنەی (تۆپ)ێک | ٪٦٠ | ٪٤٠ | / |
| ٢_ وێنەی (ماسی)یەک | ٪٨٠ | ٪٢٠ | / |
| ٣_وێنەی (یاری تۆپی پێ) | ٪٨٠ | ٪٢٠ | / |
| ٤_وێنەی (مزگەوت)ێک | / | ٪٤٠ | ٪ ٦٠ |
| ٥_وێنەی (کتێب)ێک | ٪٨٠ | ٪٢٠ | / |
| ٦_وێنەی (پیتزا) | ٪١٠٠ | / | / |
| ٦_وێنەی (ئەسپ)ێک | ٪٧٠ | ٪٣٠ | / |
| ٧_وێنەی (ڕێواس) | ٪٦٠ | ٪١٠ | ٪٣٠ |
| ٨_وێنەی (ئاهەنگی هاوسەرگیری) | ٪١٠ | ٪٢٠ | ٪٧٠ |
| ٩_وێنەی (ئاگری نەورۆز) | (Fire)٪٥٠ | ٪٢٠ | ٪٣٠ |

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

وەک لە هێڵکارییەکەدا دیارە وەڵامەکانی خوێندکارەکانی پۆلی دووهەم بەڕێژەکانیاندا دیارە، کە بەپلەی یەکەم بەزمانی ئینگلیزی وەڵامەکانیان داوەتەوە، لەکاتێکدا ئێمە پرسیارەکانمان بەزمانی کوردی ئاراستە کردوون، بەڵام بەهۆی کاریگەریی و بایەخی زمانی دووهەم لەلایان وایکردووە زیاتر بەزمانی ئینگلیزی وەڵامیبدەنەوە، دواتر بەپلەی دووهەم زمانی کوردی دێت، کە وەڵامی پرسیارەکانیان پێداوەتەوە، جگە لەمانە بەپلەی سێیەم ئەو پرسیارانە دێت، کە بێ وەڵام ماونەتەوە و خوێندکارەکان بەهیچ کامێک لە زمانەکان وەڵامیان نەبوو بۆیان.

**٢-٢/٢)کاریگەری کلتوری و کۆمەڵایەتی**

زمان، هۆکارێکی گرنگی گواستنەوەی کلتور و دابونەریتی نەتەوەیە لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە، هەر بەم هۆیەشەوە زمان و کلتور ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە ''لەنێوان زمان و کلتوردا پەیوەندییەکی هۆیی لەئارادا هەیە، ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە کە کام یەک لەوانە لەسەر ئەوی دیکەیان کاریگەری هەیە، لەوانەیە یەکیان هۆی کارای ئەوی دیکەیان بێت، لەوانەشە هەریەکەیان بەر هۆیەکی هاوبەش بن و یان لەنێوانیاندا دوو کردەی هۆیی بەرانبەر بەیەکتر لەئارادابن''(سورخی:٢٠٠٦: ١٠٣). کەواتە زمان و کلتور بەردەوام لەژێر کاریگەری یەکتریدان و هۆکاری ئەمەش گرنگی هەردوو کایەکەیە لە ژیانی مرۆڤدا، زمان بەشێکی گرنگە لەکلتوری نەتەوە و

یەکێکە لەهۆکارەکانی دروستبوونی نەتەوە و دەوڵەت لەجیهاندا ''ئەگەرچی زمانیش کاردانەوەی لەسەر کۆمەڵگا هەیە، بەڵام بەئەندازەی ئەو کاریگەرییە، کە کۆمەڵگا لەسەر زمان هەیەتی''(موحسن:٢٠٠٨: ٩) کۆمەڵگا بەشێوەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر زمان و شێوازی ئاخاوتنی کۆمەڵگەکەی هەیە و هۆکاری پەیوەندیکردن و لەیەک نزیککردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە پێکەوە. زمان وادەکات مرۆڤ بەدابڕاوی نەمێنێتەوە و بەشێکی گرنگی ناو کۆمەڵگاکەی بێت ''زمان مرۆڤ و دەوروبەری دەگەیەنێت بەیەکتری و لەهەمانکاتیشدا ڕەنگدانەوەیێکی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە کە قسەکەرانی تێدا دەژین''(فتاح:٢٠١٠: ١٣٨).

کۆمەڵگا و کلتوری نەتەوە کاریگەری زۆریان لەسەر زمان هەیە و هەر ئەمان وادەکەن زمانێک زۆر فراوان و هەژموونی بەسەر زمانەکانی تری جیهاندا هەبێت. یەکێک لەهۆکارەکان، ڕێگاکانی تێگەیشتن و ناسینی کەسایەتی هەرکەسێک زمانەکەیەتی، چونکە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و کۆزانیاری و دنیابینی ئەو کەسەیە ''یەکێک لەگرنگترین ڕێگاکانی ڕێکخستنی کۆزانین (المعرفة "Knowledge") زمانە، زمانیش لەخۆیدا ڕەنگدانەوەی پێداویستی و تێڕامان و شارەزاییە تاکگەرایی و کلتورییەکانی مرۆڤە''(قادر:٢٠١٢: ٢) کۆزانیاری و دنیابینی ئێمە لەئەنجامی ئەزموونەکانمانەوەیە، کە بەهۆی زمانەوە بە کەسانی دیکەی دەگەیەنین. زمان بەهۆی ئەو گرنگی و کاریگەرییەی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیەتی وایکردووە بەشێکی دانەبڕاوی مرۆڤایەتی بێت و هۆکاری مانەوە و پێکەوەیی بێت''زمان کاریگەرییەکی کارای هەیە لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵ سەبارەت بە (تاک) هۆکاری پەیوەندیکردنە بەدەوروبەرەکەی و لەڕێگەی ئەم پەیوەندیکردنەشەوە، درک بەمەبەستەکانی خۆی دەکات.....دەگاتە مەرامەکانی''(عەبدولڕەحمان:٢٠٠٩: ١٧-١٨)، جگەلەوەی زمان هۆکارێکی پەیوەندیکردنە، هۆکارێکیشە تاوەکو مرۆڤ بەئامانج و ویست و ئارەزووەکانی بگات، بۆیە بەردەوام زمان هۆیەکی گرنگی دەستی مرۆڤە بۆ سەلماندنی بوونی خۆی لە کۆمەڵگەدا، هەتاوەکو مرۆڤ زمانێکی دیکە بزانێت و بتوانێت بەکاریبهێنێت ئەوا ئەوەندە مرۆڤەیە بە هێندەی ژمارەی ئەو زمانانەی کە دەتوانێت وەک قسەپێکەرەکانیان بەکاریانبهێنێت.

بێگومان هەر نەتەوەیەک خاوەنی زمان و کلتوری خۆیەتی و کاتێک کەسێک دەیەوێت زمانی دووەم فێرببێت ئەوا پێویستە شارەزایی لەسەر کلتوری ئەو زمانە هەبێت، لەبەرئەوەی ئەوکاتە پرۆسەی لێتێگەیشتن ئاسانتر و بێکەموکورتی دەبێت. لەم توێژینەوەیەدا ئەو کاریگەرییە کلتوری و کۆمەڵایەتییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زمانی دووەم لەسەر زمانی منداڵ هەیەتی لەقۆناغێک لە قۆناغەکاندا و بە تێپەڕینی کات و گەشەکردنی لایەنی زمانی منداڵەکە ئەم کاریگەرییە زیاتر دەبێت، بەهۆی ئەوەی زۆرتر زانیاری لەسەر کلتور و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە وەردەگرێت. بۆنە و یاد و جەژنەکان یەکێکن لەپێکهێنەرە سەرەکییەکانی کلتوری نەتەوە کە هەرنەتەوەیەک چەند بۆنە و یادێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ساڵانە

یادیـان دەکـاتەوە بەشـێوازی جیـاواز ''کلتـوور بۆمـاوەیی و بـایلۆژی نیـیە، بەڵکـو بۆمـاوەیی میـراتییە، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.''(حمەڕەشید:٢٠١٢: ٤٣) بەم هۆیەوە بۆنە و یادەکانیش کە بەشێکی گرنگی کۆمەڵ و کلتورن دەگوازرێتەوە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. بۆنە و یادەکان زۆرن وەک (بۆنەی ئایینی، بۆنەی کۆمەڵایەتی، بۆنەی نەتەوەیی، بۆنەی خێزانی، بۆنەی سەری ساڵ...)، لای هەر نەتەوەیەک هەریەکێـک لەم بۆنـانە لەپـێش ئەوانـی دیـکەوەیە، بۆنمـونە لای کـورد بە هـۆی ئەوەی میللەتێکی مسوڵمانە بۆنە ئاینییەکان بەپلەی یەکەم دێت و دواتر بۆنە نەتەوەییەکان، بەڵام لای ئینگلیز بۆنەی سەرەکییان سەری ساڵ (کریسمس)ە و دواتر بۆنە و جەژنەکانی دیکە.

لەم تـوێژینەوەیەدا لەئەنجـامی ئەو پرسـیارانەی، کە لەخوێنـدکارانمان کـردم، ئەو کاریگەرییانەمـان بـۆ دەرکەوت کە کلتـوری زمـانی دووەم لەسـەر کلتـوری کـوردی هەیەتـی و ڕەنگدانەوەی لەژیـانی ڕۆژانەی نەتەوەکەدا هەیە و بۆیە هۆکاری هەندێ گۆڕانکاری کلتوری و گۆڕینی هەندێ لایەنـی ژیـانی کۆمەڵایەتی مرۆڤـی کـورد. لەئەنجامی وەرگرتنـی داتاکـان لەبـارەی بۆنە و یادەکـانی گەلـی کـورد لای ئەو خوێندکارانە، بۆمـان دەرکەوت کە تـا ئاسـتێکی بەرز کـاریگەری لای خوێنـدکارەکان هەبـووە، بۆنمـونە لای خوێنـدکارانی پۆلی یەکەم کاریگەرییان بەمجۆرە بوون:

١_کاتێـک پرسیارمان دەربـارەی جەژن و بـۆنە و یـادە کوردییەکـان لە خوێنـدکارەکان دەکـرد بەشـێوازێکی سـەیر سەرسـوڕماو دەبـوون و پێویسـتی دەکـرد ڕوونکـردنەوەی زیاتریـان بـۆ بـدەین، لەئەنجامـدا زۆرینەی خوێنـدکارەکان تـا ئاسـتێکی زۆرکەم زانیارییـان لەسـەر ئەو بـۆنە و یـادانە هەبـوو، کە لەنـاو کـورددا هەن، بەجۆرێـک ''٥٠٪''ی خوێنـدکاران تەنهـا ''جەژنـی نەورۆز''یـان دەزانـی و وەڵامـی پرسـیارەکەیان بەوە دەدایەوە و ''٢٠٪'' لەو ڕێـژەیە لەگەڵ ٠جەژنـی نەورۆز)دا نـاوی ''جەژنـی قوربان''یشـیان دەهێنـا، لە ''٥٠٪)ئ دیکە بێ وەڵام بوون و هیچ شتێکیان نەدەگوت.

٢_بەڵام کاتێک پرسیاری بۆنە و یادەکانی نەتەوەی ئینگلیزمان کرد ڕێژەکە بەرەو زیـادبوون ڕۆی، بەوەی ڕێژەی ''٦٠٪''یـان وەڵامەکەیـان (کریسـمەس، هـاڵۆوین، بێرسـدەی)بوو، هەروەهـا ''٤٠٪''یـان بـێ وەڵام مابوونەوە و زانیارییان لەسەر ئەو بۆنانە نەبوو.

لەناو نەتەوەی ئینگلیزیدا هەندی شت ئاسـایی و ڕێگەپێدراوە، کە لەنـاو نەتەوەی کورددا بە قەدەغە و تـابوو دانراوە، کە هەریەکێک لەو شتانە پەیوەست بۆنەتەوە بەکلتور و باری کۆمەڵایەتی و دنیـابینی نەتەوەکـان بـۆ نمونە: لای کورد و لەکلتوریاندا (کچ) شوودەکات بەڕەگەزی بەرانبەری و (کوڕ)یش هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریـدا دەکـات، بەڵام لەکلتـوری ئینگلیـزدا ئاسـایی و ڕێگەپێـدراوە (کـوڕ) لەگەڵ (کـوڕ)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

هاوسـەرگیری بکـات و (کچ)یـش لەگەڵ (کـچ) هاوسـەرگیری بکـات کاتێـک ئەم بابەتەمـان کـردە خـاڵێکی فۆرمەکە ئەنجامەکەی بەم جۆرە بوو:

پرسیارەکەمان ئەوەبوو (کچ شوودەکات یان کوڕ) لەوەڵامدا بەڕێژەی ''٣٠٪'' خوێندکارانی پۆلی یەکەم دەیـانگوت (کـوڕ)، هەروەهـا بەڕێـژەی ''٥٠٪'' وەڵامەکەیـان (کـچ) بـوو بەڕێـژەی ''٢٠٪'' بـێ وەڵام مابوونەوە، ڕەنگە بەهۆی نەبوونی زانیارییان بێت لەسەر بابەتەکە.

هەمـوو کلتورێـک کۆمەڵێـک یـاری تـایبەت بەخـۆی هەیە و نەتەوەی کـوردیش یەکێکە لەو میللەتـانە و ئەو یارییانە تا ئێستاش لەنـاو منداڵانـدا پێگەی خۆی ماوە بەڕێژەیەکی بەرچاو لای منداڵان دەبینرێت. یەکێکی دیکە لە پرسیارەکانمان سەبارەت بەو یارییـانە بـوو، تـاوەکو بزانین ئایا ئەم خوێندکارانە کە لە دوو لایەنەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمـان و کلتـور و تەکنەلۆژیـای بێگـانەوە تـا چەند زانیارییـان لەسـەر ئەو یـارییە هەیە. ئەو دوو لایەنەش، یەکەمیـان بەهـۆی خوێنـدنەکەوە، کە تـا ئاستێکی زۆر لەژێـر کـاریگەری زمـان و کلتـوری نەتەوەی ئینگلیـزدان، لەلایەکـی دیـکەوە بەهـۆی تەکنەلۆژیـای سـەردەمەوە و بەهـۆی هـاتنی دەیـان جـۆری (مۆبایـل، ئایپـاد،...) وایکـردووە کـاریگەری زۆری لەسـەر منـداڵان و ئاوەزمەنـدییان هەبێـت، ئەو یـارییەش کە پرسـیارمان لەبـارەوە کـرد یـاری (هەڵمـاتێن) بـوو، ئەنجـامی وەڵامەکـانیش بەم جـۆرە بـوون: بەڕێـژەی ''٦٠٪''ی خوێندکاران نەیاندەزانی (هەڵماتێن) چییە؟ و چ شتێکە؟ تەنها بێ وەڵام مـابوونەوە، بەڕێـژەی ''٤٠٪''ی خوێنـدکاران وەڵامەکەیـان ئەوەبـوو کە یـارییەکە، هەروەهـا ڕێـژەی ''١٠٪'' کە دەیانزانی یارییە، زانیان کە چ یارییەکە و چۆن دەکرێت، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە و گەر پرسیاری یاری ئەلیکترۆنیمان لێبکردنایە بێگومان ڕێژەیەکی زۆریان زانیارییـان لەسـەری دەبوو، کە ئەمەش بەهۆی کاریگەری کلتوری زمانی دووهەمەوەیە.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

یەکێکـی دیـکە لەپرسـیارەکانمان دەربـارەی خـواردن بـوو، چـونکە خـواردنیش پێکهێنەرێکـی کلتـورە و نەتەوەکـان چەنـدین جـۆر خـواردنی تـایبەت بە نەتەوەکەی خۆیـان هەیە، ئـێمەش یەکێـک لەخـواردنە کوردەوارییەکانمان کردە پرسیارێک، تاوەکو بزانین تا چەند زانیارییـان لەسـەر خـواردنە کوردییەکـان هەیە. لەئەنجامی پرسیارەکانمان لەخوێندکارانی پۆلی یەکەم سەبارەت بە خواردنی کوردی (ترخێنە) بەم جۆرە بوو: بەڕێژەی ''٤٠٪'' خوێندکارەکان بێوەڵام بوون و هیچ زانیارییەکیان لەسەری نەبوو نەیاندەزانی چییە و لەو ڕێـژەیەش هەنـدێکیان بەجۆرێـک سـەریان سـوڕمابوو وەک ئەوەی یەکەمجاریـان بێـت نـاوی ئەو خـواردنە ببیسـتن، هەروەهـا بەڕێـژەی ''٦٠٪'' وەڵامەکانیـان بەم جـۆرە بـوو، ''٤٠٪'' تەنهـا گوتیـان خـواردنە و هیچـی تـر، بەڵام ''٢٠٪''ی دیکەیـان دەیـانگوت خـواردنە و شـلەیە. دواتـر هەمـان ئەو پرسیارانەمان لەخوێندکارانی پۆلی دووەم کرد، لای ئەمان ڕێژەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات بەهۆی

ئەوەی زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری زمان و کلتوری ئەو زمانەی، کە فێری دەبن و زیاتر ئاگاداری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوانن، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی کاتی ڕۆژانەیان بەو وانانەوە دەڕوات، کە باسکردنە لەژیانیان و زمانیان و دابونەریت و کلتوریان، هەروەها گەڕان و بەدواداچونیان لە تەلەفزیۆن وپلاتفۆرمەکانی تەکنەلۆجیاوە بەهۆی زمانی دوەمەوەیە، کە ئەو فیلم و ڤیدیۆیانە بەرهەمی ئایدیای نەتەوەی خاوەن زمانی دووەمن، ئەمەش وایکردووە کاریگەری زیاتری هەبێت لەسەریان، بۆنمونە:

١_لەوەڵامی ئەو پرسیارەی (ناوی جەژن و بۆنەکانی کورد چین؟)، لەوەڵامدا خوێندکارەکان بەم جۆرە وەڵامیان دایەوە، بەڕێژەی ''٧٠٪'' هێچ وەڵامێکیان پێنەبوو، هەرچەندە چەند جارێک ڕوونکردنەوەمان دەربارەی مەبەستەکەمان دەدا بۆیان، بەڵام بێ وەڵام مابوونەوە، هەروەها بەڕێژەی ''٣٠٪'' وەڵامەکانیان بریتیبوو لە ''نەورۆز و جەژنی قوربان'' بێ ئەوەی ناوی هیچ یەکێک لەبۆنە ئاینی و نەتەوەییەکانی دیکە بڵێن.

٢_هەروەها لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەربارەی بۆنە و جەژن و یادەکانی نەتەوەی ئینگلیز کردمان، ڕێژەکە گۆڕانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی بەوەی ''٦٠٪''ی خوێندکاران ناوی ''کریسمس، هاڵۆوین، ڕۆژی درۆ، ڕۆژی منداڵان، بێرسدەی''یان دەهێنا، لەکاتێکدا زۆرینەیان ناوی بۆنە و یادە کوردییەکانیان نەدەزانی، جگە لەوە بەڕێژەی ''٤٠٪'' خوێندکارەکان بێوەڵام مابوونەوە وەک ئەوەی ناوی هیچ یەکێک لەبۆنە و یادەکانیان نەبیستبێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

٣_هەروەک چۆن دەربارەی یاری (هەڵماتێن) لەخوێندکارانی پۆلی یەکەممان پرسی بەهەمان شێوە ئەم پرسیارەشمان ئاراستەی ئەم خوێندکارانە کرد، لای ئەمان ئەنجامەکان بەم جۆرە بوون: بەڕێژەی ''٥٠٪'' وەڵامیان ئەوەبوو، کە (یاری)یەکە و بە هەڵمات دەکرێت، هەروەها ڕێژەی ''٥٠٪''ی دیکە نەیاندەزانی (هەڵماتێن) چییە و بێوەڵام بوون.

٤_پرسیارێکی دیکەمان دەربارەی هاوسەرگیری بوو، کە ئایا کچ شوودەکات یان کوڕ؟ وەڵامەکان لای خوێندکارانی ئەم قۆناغە بەمجۆرە بوو: بەڕێژەی ''٨٠٪'' وەڵامەکانیان بە وشەی ''کچ'' بوو بەهۆی ئەوەی ساڵێک لەتەمەنیان ڕۆیشتووە و زیاتر ئاگادارن لەدەوروبەریان ئەوەی کە شوودەکات کچە نەک کوڕ، بەڵام بەڕێژەی ''٢٠٪'' وەڵامەکانیان بەوشەی ''کوڕ'' بوو.

٥_کۆتا پرسیار کە لەم قۆناغە کرا پرسیاری خواردنە کوردییەکە بوو، کە پێشتریش لەخوێندکارانی پۆلی یەکەممان کردبوو، وەڵامەکان لای ئەمان بەم جۆرە بوو: بەڕێژەی ''٥٠٪'' وەڵامیان ئەوە بوو، کە خواردنێکە بێئەوەی زانیارییان لەسەری هەبێت تەنها ئەوەیان دەزانی کە جۆرێکە لە خواردن یان سوپ کە

پێشتر دیویانە، هەروەها بەڕێژەی ‘‘٥٠٪’’ی دیکە هیچ زانیارییەکیان لەسەری نەبوو بێوەڵام مابوونەوە و هیچ وشەیەکیان نەگوت تاوەکو لێرەدا باسی لێوەبکەین.

هەموو ئەمانە بەهۆی دوو لایەنەوەیە:

١_کاریگەری ئەو زمان و کلتورەی، کە لەخوێندنگە وەریدەگرن و زانیاری لەسەر کۆدەکەنەوە، بۆتە هۆکاری پشتگوێخستنی لایەنی زمانیی و نەتەوەیی و کلتوری خۆیان.

٢_کەمتەرخەمی خێزان، لەپەروەردەکردنی دروستی زمانیی و کلتوری و نەتەوەیی منداڵەکانیان و کەمتەرخەمی گشت کۆمەڵگەی کوردی لەئاستی زمان و کلتور و دابونەریتی خۆیان.

**‘‘ئەنجامەکان’’**

١_فێربوونی زمانێکی دیکە جگە لەزمانی یەکەم لەسەر بنەماو دەستورەکانی زمانی یەکەمە و پێویستییەکی گرنگی زانیینە، بەمەرجێک پارێزگاری لەزمانی یەکەم و کلتورەکەی بکات و ئاگاداریان بێت.

٢_زمانی دووهەم چەندین کاریگەری لەسەر فێرخواز دروستدەکات، کە پێویستە فێرخواز ئاگاداریان بێت و بەشێوەیەکی دروست و پەیوەست بەژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

٣_کاریگەرییەکانی زمانی دووەم لەدوو لایەنەوە دەبێت، لایەنی زمانی و لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوریی، بەهۆیەوە فێرخواز لەهەردوو لایەنەکەوە گۆڕانکاری بەسەردادێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

پێشنیاز

لێکۆڵەران سەرباری هەموو ئەو مەترسی و ئاڵانگارییانەی دێتە ڕێگای زمانی کوردی بەهۆی خوێندنی زمانی بێگانەوە، بەڵام پێشنیارەکە بەجۆرێکی تر ئاڕاستەی دایکان و باوکان و لایەنی بەرپرس دەکەن:

یەکەم: بۆ لایەنی بەرپرس لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لە حوکمەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە لەبری گەڕان بۆ چارەسەری ئاڵانگارییەکانی سەر زمانی کوردی، چارەسەری ئەو هۆکارە بکات کە دایکان و باوکان ناچار دەکات منداڵ بنێرنە ئەو خوێندنگەیانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە(نەگونجاوی کەش و ئاستی خوێندن لە خوێندنگە حکومییەکان، بونی کێبڕکێیی چینایەتی بە هەموو ئاستەکانەوە، زمانی خوێندنی زۆربەی بەشەکانی زانکۆکان ئینگلیزییە،..).

دووەم: لە بازاڕی هەلی کاردا مەرجی سەرەکی و یەکەم بۆ دۆزینەوەی هەلی کار زانینی زمانی دووەمە، هەربۆیە فێربونی زمانی دووەم بۆتە جێی بایەخ و سەرەکی لای خوێندکار.

سێیەم: بۆ دایکان و باوکان، پێویستە سەرباری ناچارییان لەسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە، بەڵام پێویستە بە جۆرێک ئاگاداریی لایەنی زمانی و کۆمەڵایەتی و کلتوری منداڵەکانیان بن کە ئەو هۆکارانە کارییان تێنەکات و لەگەڵ فێربونی زمانی دووەمدا گرنگی بە زمانی دایک بدەن.

پەراوێز

1.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زاراوە و تیۆرەکانی زمان فێربون و زمان پژاندن بڕوانە

Chomeskay (1986:24)-

-خەلیل(٢٠١٣: ١٠-١١).

Fromken&rodman(2003:22)-

B.Aitchison(2007:9)-

A-LONG M.H(1996:70’‘()-

2.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (عبدالوهاب:٢٠١٥)و ئەو سەرچاوانەی ئاماژەی پێداوە.

3.هەروەک لە (قادر،٢٠١٤)ئاماژەی پێدراوە بۆ توانستی فێرکردن بڕوانە(Ellis,R:2003)

4.هەرچەندە هۆکاری دەروونی و پەروەردەیی و کلتوورییش دێتە ئاراوە، بەڵام ئێمە تەنها ئەو دوو هۆکارەمان باسکردوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(حسێن:٢٠٢١)

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية